دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

سێشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٠ - ٦ی دێسامبری ٢٠١١ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە ٥٧٢ | نرخ: ١٥٠ تمەن




### ئامادەیی سووریە بۆ قبووڵکردنی مەرجداری گەلاڵەی ئاشتی یەکیەتیی وڵاتانی عەڕەب

ڕۆژێک دوای کۆتایی هاتنی دوایین مۆڵەتی وڵاتانی یەکیەتیی وڵاتانی عەڕەبی بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ئاڵۆزی و توندوتیژییەکانی ئەو وڵاتە، دەوڵەتی سووریە دەڵێ کە ئامادەیە بە چەند مەرجێک گەلاڵەی ئەو یەکیەتییە قبووڵ بکا.

شایانی باسە کە یەکیەتیی وڵاتانی عەڕەبی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی فشارەکانی خۆیان لە سەر سووریە لە مەڕ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی و سەرکوت دژی خەڵکی ئەو وڵاتە چڕتر کردۆتەوە.




### گیرانی ٥ چالاکی سیاسیی کوردی سەر بەپارتی ئاشتی و دیموکراسی لە تورکیە

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی تورکیە ٥ چالاکی سیاسیی کوردی سەر بە پارتی ئاشتی و دیموکراسییان لە شاری غازی عەنتاب قۆڵبەست و زیندانی کردوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی دەنگوباسی « فوڕات» ناوەندە ئەمنیەتییەکانی تورکیە لە شاری غازی عەنتاب بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی دژی تێرۆرهەڵیان کوتاوەتە سەر چەند شوێنی جیاواز لەو شارە و ئەوەش گیرانی ئەندامێکی نووسینگەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی و ٤ کادری دیکەی ئەو حیزبەی لێ کەوتەوە.

## بە شوێن هێرشبردن بۆ سەر سەفارەتی بریتانیا لە تاران

# جارێکی دیکە ریسوابوونی ڕێژیمی ئێران لە ئاستی جیهاندا



باڵوێزخانەو کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوونی دیپلۆماتکارانی بریتانیا ٢٩ی نوامبر لە تاران کەوتە بەر هێرشی کۆمەلە کەسێکی سەر بە بەیتی ڕێبەری و سوپای پاسداران .

بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەو تاقمە گوێڕایەڵە کە لە مێدیاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا بە ناوی خوێندکار ناویان براوە دەستیان بە سەر کۆمپیتێرو ئامێرە پێوەندییەکانی باڵوێزخانە دا گرت و وێڕای داگرتنی ئاڵای بریتانیا دەرک و پەنجەرەو کەلوپەلەکانی نێو بیناکانیان وێران کرد.

ئەو کردەوەیەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە دوو ڕۆژ بە دوای بڕیاری مەجلیس بۆ کەم کردنەوەی ئاستی پێوەندییەکان دەگەڵ بریتانیا ڕووی دا شەپۆلێکی ناڕەزایەتیی وڵاتانی جیهان بە دوای خۆیدا هێنا.

وزارەتی دەرەوەی بریتانیا وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوەیە، کاربەدەستانی ئێرانی بە پێشێل کردنی یاساورێسا نێونەتەوەییەکانی و کۆنڤانسیۆنی ڤییەن و بەرپرسی ئەمنییەتی دیپلۆماتکارەکانی خۆی زانی.هەروەها بە دوای هێرشی دەستوپێوەندەکانی حکوومەت بۆ سەر باڵوێزخانەی بریتانیا، ئەمریکاو یەکیەتی ئورووپا و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ناڕەزایەتی خۆیان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەربڕی و نۆرویژیش بۆ ماوەی کاتی باوێزخانەی خۆی لە ئێران داخست و بریتانیاش دیپلۆماتکارانی ئێرانی لە وڵاتەکەی دەرکرد.

ئەوە لە کاتێکدایە کە ماوەیەک پێشتر کە بابەتی گەمارۆی بانکی ناوەندی و نەوتی ئێران لە کۆڕو کۆبوونەوەکان دا لە ئارا دابوو، بریتانیا بە توندی پیشتیوانی لە خولی نوێی گەمارۆکانی سەر ئیرانی کردبووو لەم ئاقارەشدا تاک لایەنە کۆمەڵە گەمارۆیەکی بە سەر ڕێژیم دا سەپاندبوو.

## ئۆسترالیا گەمارۆکانی سەر ئێرانی بەربڵاوتر کرد

ئۆسترالیا لە لایەن خۆیەوە گەمارۆکانی دژی کۆماری ئیسلامی پەرە پێدا.

ئۆسترالیا بە سنووردار کردنی بازرگانیی خۆی لەگەڵ ئێران لەبوارەکانی نەوتی و دارایی، گەمارۆ یەکلایەنەکانی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی پەرە پێ داوە.

« کویین ڕاد»، وەزیری دەرەوەی ئۆسترالیا وێڕای پێداگری لەسەر نیگەرانیی وڵاتەکەی لە چالاکییە ئەتومییەکانی ئێران ڕایگەیاند کە ئەو بڕیارە نوێیەی ئۆسترالیا بۆ گەمارۆ خستنە سەر ئێران، بنیات و دامەزراوە و کەسانی پێوەندیدار بە چالاکیی ناوکی و مووشەکیی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە.



بەر لە ئۆسترالیا، وڵاتانی بریتانیا، کانادا و ئامریکاش دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی نوێی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم، گەمارۆکانی خۆیان لە دژی کۆماری ئیسلامی پەرە پێدا.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە بەرنامە ئەتومییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامانجی نیزامییان لە پشتە و ئێران بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانە هاوکاریی ئاژانس ناکا.

## ناکۆکیی نێوان ئێران و حەماس لە سەر مانەوە یان نەمانەوەی حەماس لە سووریە

بڕیاری حەماس بۆ چوڵکردنی بنکەکانی خۆیان لە سووریە و ڕاگوازتنی ناوەندەکانی سەرکردایەتیی سیاسیی حەماس بۆ ولاتانی دیکەی عەڕەبی ناکۆکیی نێوان ئێران و حەماسی لێ کەوتۆتەوە.

بە پێی هەواڵی ڕویتێرز، هێزەکانی حەماس کە ترسی کلۆڵ بوونی هەرچی زیاتری کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ئەسەد هەڵیگرتوون هێندێکیان گەڕاونەتەوە کەرتی غەززەو کۆمەڵێکیشیان ڕوویان لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە کردوە. لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی هائارتێس لە زمان گەورەبەرپرسانی فەلەستینییەوە دەنووسێ: هاتنە ئارای ئەو ناکۆکییانە لە کاتێک دایە کە ئێران فشارێکی زۆری خستۆتە سەر حەماس تا لە دەمیشق نەچێتە دەرێ و هەڕەشەی کردوە کە ئەگەر پێچەوانەی ویستی ئێران بجووڵێتەوە، یارمەتییە نیزامی و داراییەکانی خۆی بۆ ئەو گرووپە ڕادەگرێ.



هەرچەندە تا ئێستا تەنیا بەرپرسانی پلە ٢ و پلە سێی حەماس دەمشقیان بەجێ هێشتووە و بەرپرسانی پلەبەرزی ئەو ڕێکخراوەیە وەک خالید مەشعەل هێشتا هەر لە سووریەن، بەڵام کارناسان لە سەر ئەو باوەڕەن کە هەوڵەکانی حەماس بۆ دۆزینەوەی شوێنگەلێک لە وڵاتانی عەڕەبی لە مەڕ جێگیر کردنی بنکە سیاسییەکانی بۆ ئەوەیە کە داهاتووی بەشار ئەسەد، سەرکۆماری سووریە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لیلتر دەبێ.

مافی مرۆڤ



پانۆرامای ژیان و خەباتی مادام میتران

٤


نەتەوەیی



دانان بە قەڵاچۆی کوردانی دێرسیم بە چ مەبەستێک

٦

سیاسی




ڕاستەقینەی دەوری خوێندکاران و بزووتنەوە ڕووناکبیرییە دەروون زانکۆییەکان

٨

ژنان



وێناکردنی «پێشمەرگە» لە هەیبەتی «پیاو»دا!!

٩

بیروڕای ئازاد



مەترسیی لێک هەڵوەشانی ئێران یا بۆچوونی فاشیستی لە بارەی حکوومەتەوە؟

١٠

بەرەو ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان




هەڵوێستمان

## هێرش بۆ سەر سەفارەتی بریتانیا لە تاران مەحکووم دەکەین

دوانیوەڕۆی سێشەممە، ٢٩ ی نوامبری ٢٠١١، لە پەراوێزی خۆپێشاندانێکی ڕێکخراو کۆمەڵێک بەناو خوێندکاری بەسیجی، هێرشیان کردە سەر سەفارەتی بریتانیا لە تاران. ئەوان وێڕای داگیرکردنی شوێنەکە و بێڕێزی بە هێماکانی سەروەریی ئەو وڵاتە، شەش کەس لە کارمەندانی سەفارەتەکەیان بۆ ماوەیەک بە بارمتە گرت و بەپێی ئیدیعای خۆیان دەستیان بەسەر کۆمەڵێک ئەسنادیش داگرت.

ئەو هێرشە پاش ئەوە دێ کە حکوومەتی بریتانیا لە زمان وتەبێژی سەرۆکایەتیی وەزیرانی خۆیەوە ڕایگەیاندبوو کە وێڕای بەداخبوونی بۆ بڕیاری ئێران بۆ کەمکردنەوەی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بریتانیا، بیر لە وڵامێکی شیاو بۆ ئەو بڕیارەی کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە کۆماری ئیسلامی وا نیشان دەدا کە سەفارەتی بریتانیای لە چنگی هێرشبەران دەرهێناوە و تەنانەت چەند کەس لەوانیشی دەستگیر کردوە، بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشەدا وەک ڕۆژ ڕووناکە. لە حاڵێکدا بەپێی قانوونی دیپلۆماتیک دەوڵەتی خانەخوێ لەسەریەتی بەشێوەی بەردەوام پارێزگاری لە حەریم و پێرسۆنێل و دارایی و ئەرشیڤی دیپلۆماسیی دەوڵەتی میوان بکا، بە هەموو نیشانەکان ڕا دیارە کە ئەو کردەوە ناشارستانی و پێچەوانەیەی عورفی نێودەوڵەتی بەرنامەیەکی لەپێشدا داڕێژراوی خودی کاربەدەستانی ڕێژیم بووە. جیا لەوە کە کار و کردەوەی لەو چەشنە هەر لە دەسپێکی کارنامەی کۆماری ئیسلامیدا تۆمار کراوە، ماوەیەکیش بوو کاربەدەستانی ڕێژیم بەگوڕتر لە پێشوو لایەنگرانی خۆیان بە جۆرێک دنە دەدا کە هەڵسوکەوتی لەم چەشنەی لێ بکەوێتەوە.

کاتێک لە سەرەتای ئینقلابدا گرووپی ناسراو بە «خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام» سەفارەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تارانیان داگیر کرد، حیزبی دێموکڕات لە هەنگاوێکدا کە بۆ کەش و هەوای سیاسیی ئەودەم زۆر ئازایانە بوو، ئەو کارەی مەحکووم کرد. ئێستاش کە هەمان سیناریۆ بە شێوەیەکی دیکە دووبارە بۆتەوە، ئێمە سەرلەنوێ ئەو کارەی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشێلکردنی بەرزترین بایەخەکانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان مەحکووم دەکەین. هەر لەو کاتەدا لەو باوەڕەداین کە مامەڵەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ مانۆڕەکانی لەو چەشنەی ئەو ڕێژیمە دەبێ لە ئاست بێ پرەنسیپیی سنوورنەناسانەی ئەو ڕێژیمەدا بێ.

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**٢٩ ی نوامبری ٢٠١١**

**٨ی سەرماوەزی ١٣٩٠**

## کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شارەکانی باشووری کوردستان



**کەلار:**
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی گەرمیاندا بە گرینگییەوە باسی لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان کرد.

رۆژی هەینی، ٤ی سەرماوەز، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی لە شاری کەلاری باشووری کوردستان لە گەڵ ئەژمارێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی گەرمیان کۆ بووەوەو لە پێوەندی لەگەڵ چەند پرسێکی تایبەت دا روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی خستە روو.

کاک خالید لە قسەکانی دا باسی لە مەوقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا کرد. لەم پێوەندییەدا بە ئەرکی سەرجەم هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان زانی کە گرینگیی تایبەت بەم دوو پارێزگایە بدەن.

لە درێژەی قسەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژە بە دوایین گۆڕانە سیاسییەکانی ناوچە و شۆڕشەکانی یەک سالی رابردوو لە وڵاتانی عەرەبی و هەروەها رۆڵی ناوەندە نێونەتەوەییەکان لە هەرەس پێهێنانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان، داهاتووی خەباتی ئازادیخوازانە دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە جێگای هیوا وەسف کرد.

لەم بەشە لە قسەکانیدا کاک خالید عەزیزی پێی لە سەر دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی رزگارکراو لە دەست دیکتاتۆری داگرتەوەو هەڵوێستی رێکخراو و ناوەندە نێونەتەوەییەکانی لە پێوەندی لە گەڵ پشتیوانی لە گەلانی رزگاریخوازدا بە ئەرێنی دانا.

داهاتووی ئێران و چۆنیەتی کەڵکوەرگرتنی کورد لە دەرفەتەکان بەشێکی دیکەی باسەکەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزب لە دەڤەری گەرمیان بوو.

بەڕێز عەزیزی رایگەیاند کە : کورد و هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک دەتوانن قورسایی بە مەسەلەکەی خۆیان لە ناوەندی ئێران دا ببەخشن و لایەنەکانی دیکە حیسابی بۆ بکەن کە یەکریز و یەکگرتوو بن.

لە دوایین بەشی قسەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیسان پێی لەسەر لە گرینگیدانی زیاتر بە هەردوو پارێزگای ئیلام و کرماشان داگرتەوە و لە کۆتایی دا جۆراوجۆرییە زاراوەیی و ئایینیەکانی ئەم دوو پارێزگایەی کوردستانی بە دەرفەتێک بۆ هەرچی دەوڵەمەند کردنی بیری نەتەوەیی لە کوردستان دا زانی.

دوابەدوای باسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز ئێقباڵ سەفەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ بەرزیی ئاستی بیری نەتەوایەتی لە هەردوو پارێزگای ئیلام و کرماشان و هەروەها شەفاف بوونی بەرنامەو ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لە گەڵ بیرو پرسی نەتەوەیی و چۆنیەتی گرنگیدان بە ناوچەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی کوردستان قسەی بۆ بەشداران کرد.

کاک ئێقباڵ سەفەری بە ئاماژەدان بەو چالاکییە فەرهەنگی و مەدەنیانەی کە لەم دوو پارێزگایەدا دەکرێ و هەر ئێستا لە پەرەسەندندان، پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی لە ئیلام و کرماشان لە ئاستێکی بەرز دا پێناسە کرد.

جێی ئاماژە پێدانە کە کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆی هەمان رۆژ (هەینی، ٤ی سەرماوەز) بە ئامادەبوونی کاک خالید عەزیزی و بەرپرسی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزب و بەرپرسی ناوەندی ١ی حیزب، کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی حیزب سەر بە کۆمیتەکانی دەڤەری گەرمیان پێک هات.

**هەولێر:**
لە درێژەی کۆبوونەوەکانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شارو ناوچەکانی باشووری کوردستان، دوانیوەڕۆی رۆژی هەینی، ١١ی سەرماوەز، کاک خالید عەزیزی لە گەڵ ئەندامانی حیزب نیشتەجێ لە شاری هەولێر کۆ بۆوە.

بەڕێز عەزیزی باسی لە گرینگیی رووداوەکانی نێوخۆی ئێران بۆ کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان کردو لە پێوەندی لە گەڵ روانگەی حیزبی دێموکرات بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو شوێنەواریان لە سەر مەسەلەی دێموکراسیخوازی و خەباتی گەلان قسەی بۆ بەشداران کرد.

هەر لەم پێوەندییەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، راشکاوانە رایگەیاند کە ناکرێ لە لایەک بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی تارانەوە کەمتەرخەم بین و لە لایەکی دیکەشەوە بیر لە دابینکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان لەم وڵاتەدا بکەینەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا باسی لە لاوازیی پێگەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی جیهانی دا کردو، بە ئاماژەدان بە دوایین نموونە لە هەڵسوکەوتی نادیپلۆماسییانەی ئەم رێژیمە واتە (هێرش بۆ سەر سەفارەتی بریتانیا لە تاران) دەسەڵاتدارانی تارانی بە قەیرانخوڵقێن و نادەروەست ناودێر کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا باسی لە داهاتووی خەباتی خەڵکی ئێران و بەتایبەت خەباتی خەڵکی کوردستان دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کردو لە پێوەندی لە گەڵ رێکارەکانی خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران رایگەیاند کە: چ وەک حیزبی دێموکرات و چ وەک خەڵکی کوردستان هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوایەتییەکانمان دا هەم دەرفەت دروست بکەین هەم لە دەرفەت و ئەگەرەکان بە باشی کەڵک وەرگرین.



لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا، سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای پێناسە کردنەوەی ئێران تەنیا بە «واحیدێکی جوغرافیایی» ،باسی لە داهاتووی ئێران و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەم واحیدە جوغرافیاییە کردو زۆر راشکاوانە رایگەیاند کە: کاتێک کە دەسەڵات و سامانی ئەم وڵاتە تەنیا لە ژێر دەستی گرووپێکی ئێتنیکی یان ئایینی دا بێ، ئەو کاتە ئێران و ژیان لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا هیچ جەزابیەتێکی بۆ پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ناو ئەم واحیدە جوغرافیاییە نابێ و ئەو کاتە خەڵک حەقی خۆیانە بیر لە رێچارەیەکی دیکە بکەنەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا کاک خالید عەزیزی بە وەبیر هێنانەوەی بەیاننامەی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ کورد، ئاماژەی بە رەخنەی هێندێک کەس و لایەنی ئێرانی کرد کە تۆمەتی جیاییخوازییان داوەتە پاڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان، وتی: بۆ سەد جاری دیکەشی دووپات دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی بکەن و ئەوە هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئێرانی داهاتوو ساز ناکات.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا سەبارەت بە روانگەی هێندێک کەس و لایەنی ئێرانی لە سەر مەسەلەی کورد قسەی بۆ بەشداران کردو پرسی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پێکەوە ژیان لە ئێران بە دەرفەتێک زانی بۆ ئەم وڵاتە و لەم پێوەندییەدا وتی: ئەزموونی هەرێمی باشووری کوردستان کە دەبێ ئێرانییەکان دەرسی لێوەرگرن، سەلماندی کە مەسەلەی کورد بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتەو نابێ بە چاوی تەهدیدو هەڕەشەوە سەیری بکرێ.

مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پارلمانی لە ئێران تەوەرێکی دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی بوو. لەم پێوەندییەدا بەرێزی رایگەیاند کە: هەرچەند تا ئێستا رێبەریی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتیی هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکانی پارلمان هیچ بڕیارێکی نەداوە، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان چ ئەم هەڵبژاردنانە بایکۆت بکا چ نەیکا، هەڵوێستی فەعال و ئەکتیو دەگرێتە پێش.

## سەردانی سکرتێری گشتی حدک لە کۆنسوڵخانەی فەرانسە لە هەولێر



رۆژی چوارشەممە، ٢ ی سەرماوەز هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی کۆنسوڵخانەی فەرانسە لە شاری هەولێریان کرد.

هەیئەتی حدک کە بە مەبەستی پرسە و دەربڕینی هاوخەمی لە کۆچی دوایی خاتوو دانیال میتران سەردانی کۆنسولخانەی فەرانسە لە شاری هەولێری کردبوو، لە لایەن سەرکۆنسوڵگەری فەرانسەوە پێشوازیی لێ کرا.

لەو سەردانەدا کاک خالید عەزیزی پەیامی پرسە و هاوخەمیی حیزبی لە سەر دەفتەری یادەکانی تایبەت بە دانیال میتران نووسی.

## چاوپێکەوتنی نوێنەری حیزب بۆ کاروباری یەکیەتیی ئوروپا لەگەڵ راوێژکاری گرووپی پارتی گەلانی ئوروپا بۆ کاروباری ئێران

باردودۆخی مافی مرۆڤ و سیاسەتی بشێوی نانەوەی کۆماری ئیسلامی لە کۆبوونەوەی نێوان نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئوروپا و راوێژکاری گرووپی پارتی گەلانی ئوروپادا تاوتوێ کرا.

رۆژی سێشەممە، ١ی سەرماوەز کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکیەتیی ئوروپا لە پارلمانی ئوروپا لەگەڵ رینۆ ترۆمبێتا (RINO TROMBETT) راوێژکاری گرووپی پارتی گەلانی ئوروپا بۆ کاروباری ئێران دیدار و چاوپێکەوتنیان کرد.

لەم دیدارەدا کە لە پارلمانی ئوروپا لە بروکسێل بەڕێوە چوو، دوو لایەن لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، هەڵسووکەوتی رێژیم بەرانبەر بە کۆمەڵگەی جیهانی، کێشەی ناوکی وبارودۆخی نەیاران و دژبەرانی رێژیم و پارڵمانی ئوروپا و چەند باسی دیکەی پێوەندیدار بە ئێران وناوچە ئاڵوگۆڕی بیرورایان کرد.

## سەردانی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وەزارەتی دەرەوەی فینلاند

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندی کرد



پێشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە،٢٤ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیان کرد و لە لایەن بەڕێز یوسسی سۆینی، بەرپرسی بەشی باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی نێوەراست لە وەزارەتی دەرەوەی فینلاند پێشوازیان لێ کرا.

لەو دیدارەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات، دۆزی کورد، ئێران و پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە تاوتوێ کران.

بەڕێز شەڵماشی لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بە زوڵم و سەرکوتی هەر دوو رێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی بۆ سەر گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و لەم پێوەندیەش دا کۆمەڵێک بەڵگە و دۆکیۆمێنتی بە تایبەت لە سەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە گەلی کورد پێشکەش بە لایەنی خانەخوێ کرد.

هەر لە درێژەی ئەم باسەدا پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بە تایبەت پێشلکردنی مافی مرۆڤی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە زیاتر هەڵوەستەی لە سەر کرا و بەڕێز یوسسی سۆینی هیوای خواست کە بتوانێ لە سەردانەکانیدا بۆ ئێران، سەردانی ناوچە کوردنشینەکانیش بکا و لە نیزیکەوە گوێ لە راستییەکان بگرێ بەڵام راشیگەیاند کە هەردەم لەم بارەوە بەربەستی لە پێش بووە و مۆڵەتی ئەو کارەی پێ نەدراوە.

بەڕێزیان گوتی کە ئەو لە چاوپێکەوتنەکانی لە گەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دا بەردەوام پرسی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەی هێناوەتە بەر باس و وەک نموونەش ئاماژەی کرد کە دوا جار نارەزایەتیی وڵاتەکەی لە هەمبەر ئیعدامی منداڵان و تازە لاوان بە گوێی بەرپرسانی ئێرانی گەیاندوە.

پرسی کۆنفرانسی «رۆژهەڵاتی ناوەراستی بە بێ چەکی ئەتۆمی» کە بڕیارە لە ساڵی داهاتووی زایینی دا و بە دەسپێشخەریی وەزارەتی دەرەوەی فینلاند لەم وڵاتە ببەسترێ، تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دیدارە بوو .

شایانی باسە کە هەیئەتی حدک لەو دیدارە لە بەڕێزان کاک مستەفا شەڵماشی، بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات، رەحمان خالید نەژاد، بەرپرسی کۆمیتەی فینلاند، ئەیوب سووری، بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزب لەو وڵاتە و شوانە رزگەیی بەرپرسی کۆمەڵەی فینکورد پێک هاتبوو.

## بەڕێوەچوونی سمینارى ژن و گرفتەکانی کۆمەڵگا لە ستۆکهۆڵمی سوێد

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە بۆنەی ٢٥ ی نۆڤامبر و حەوتووی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ژنان سمینارێکی لە پێتەختی وڵاتی سوئێد بەرێوە برد.



لە بەشی یەکەمی باسەکانی ئەو سمینارەدا خاتوو مەرزە جەوانمەرد، ئەندامی کارای ڕێکخراوی مافی ژنی کورد باسێکی لە سەر «گیرۆدەیی و ژن» پێشکەش کرد. لەم باسەدا دوای شی کردنەوەی جۆرەکانی گیرۆدەیی، باسی لە شێوە و ڕەفتارەکانی گیرۆدە و ئەو گرفتانە کرد کە بە هۆی گیرۆدەیی بەرەوڕووی ژیان و کەسایەتیی ژنانی گیرۆدە دبنەوە.

لەبەشی دووهەمی باسەکانی سمینارەکەدا خاتوو زیبا سەروەری، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان باسێکی لەسەر دیاردەی مندالانی شەر و کارتێکەریی شەر لە سەر ژیانی مندالان و مێر مندالان پێشکێش کرد. خاتوو زیبا سەروەری لە باسەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە بە پێی ئامار زۆرترین قوربانیانی شەر سەربازانی بەرەی شەڕ نین، بەڵکوو خەڵکی مەدەنی و بە تایبەت منداڵانن.

باس کردن لە نەخۆشییەکانی دوای تەجرەبە کردنی شەر یان تەنگانە تەوەرێکی دیکەی باسەکەی خاتوو زیبا سەروەری بوو کە بەڕێزیان لەو بەشەی باسەکەیدا روونی کردەوە کە مندالانی ئەنفال، مندالانی کوردی دوای کۆڕەوەکەی باشوور هەموو ئەو بەڵایانەی ئەزموون کردوە.

دوایین کۆڕگێری ئەو سمینارە خاتوو گەڵاوێژ حوسێنی، ئەندامی چالاکی رادیۆ دەنگی ژنان لە ستۆکهۆڵم بوو.

خاتوو گەلاوێژ لە باسەکەیدا لە سەر هۆیەکانی بەردەوامیی توند و تیژی سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی ژنان دوا و ئاگادار بوونەوەی ژنان بە مافەکانیان و وەدەنگ هاتن لە مافەکانیان و دەست پێڕاگەیشتنی ژنان بە میدیاکان و گەیاندنی ئەو هەواڵانە بە میدیاکانی بە هۆکاری سەرەکیی چوونە سەرێی ئامارەکانی توند و تیژی دژی ژنان لە کوردستان دەست نیشان کرد.

لە بەشی هونەریی ئەو سمینارەدا خاتوونی دەنگخۆش شنۆ ئەحمەدی بە چەند گۆرانیی رەسەنی کوردی و بە دەنگە خۆشەکەی بەرنامەکەی رازاندەوە.

## بەشداریی کومیتەی حدک لە ڕێورەسمی بە خاک سپاردنی دانیەل میتراندا



رۆژی شەممە،٥ ی سەرماوەز ٢٥ی نوامبر خاتوو دانیەل میتران، هاوسەری سەرۆک کۆماری کۆچکردووی فەرانسە فرانسوا میتران بە خاک سپێردرا.

لە شاری کۆلونی و بە بەشداریی هەزاران کەس لە خەلکی فەرانسە و سەدان کەسایەتیی سیاسی، فەرانسەویی و هەروەها نوینەرانی حیزبە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و حیزب و رێکخراوە ئیرانییەکان تەرمی دانیەل میتران بە خاک سپێردرا.

لەو رێورەسمەدا سەرەتا کوڕی دانیەل میتران بە نوێنەرایەتیی بنەماڵە قسەی کرد و دواتر چەند کەسایەتییەکی سیاسی لە سەر ژیان و کەسێتی و خەباتی خاتوو میتران قسەیان کرد.

شایانی باسە کە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە فەرانسە تاجەگوڵیکی بە نیشانە سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ زەحمەتەکانی خاتوو میتران بۆ گەلی کورد لە سەر مەزاری ناوبراو دانا و پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکەش بە بنەماڵەی دانیەل میتران کرد.

## مێژووی خەبات و تێکۆشانی ژنان لە کۆمەڵگەی ئامریکا لە سمینارێک دا

سەرلەبەیانی رۆژی یە کشەممە ١٣٩٠/٩/١٣ بەرامبەر بە ٢٠١١/١٢/٤ لە سەر بانگهێشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان خاتوو داڵیا کویک بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووری لە کونسولخانەی ویلایەتە یەکگرتوکانی ئەمریکا لە هەولێر سیمینارێکی لە سەر مێژووی خەبات و تێکۆشانی ژنان لە کۆمەلگەی ئەمریکی بۆ ژنانی ئەندامان و لایەنگری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک هێنا.

خاتوو دالیا لە سەرەتای وتەکانی‌دا خۆشحاڵیی خۆی لە هەوڵی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ناساندنیان بە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان دەربڕی. بەڕێزیان تیشکی خستە سەر مێژووی خەبات و بەرخۆدانی ژنانی ئەمریکا تا ئێستا و بەم جۆرە دوا : ئێمە لە ئەمریکا وەک ژن خەباتێکی دوور و درێژمان کردوە لە ماوەی ٤٠ تا ٥٠ ساڵی ڕابردوودا، دەسکە وتی زۆرمان لە بوارەکانی ژیانی نێو بنەماڵە و بواری ئابووری و بواری پەروەردەیی‌دا بووە . ئەزموونی ئێمە دەرخەری ئەوەیە کە بە پێشکەوتنی ژنان کۆمەڵگاش گەشە دەکات . لە درێژەی باسەکەی دا خاتوو «دالیا» کویک لە سەر مێژووی ٢٥ی نوامبر و ئەو گرفتانەی کە ژنان شوێنی کار و لە نێو ماڵ دا لە وانەیە بۆیان ساز بێ دواو گوتی زۆر جار ژن



ناچارە یەکێک لەو کارانە قوربانی ئەوەی دیکەیان بکات. لە درێژەی سیمینارەکەدا حەلیمە رەسووڵی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی یە کیەتیی ژنان بە کورتی ئاورێکی لە مێژووی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان و کار و چالاکیەکانی ژنانی رۆژهە ڵاتی کوردستان و جیاوازیەکانی بازنەی کاری ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە.

پاشان ژمارەیەک لە بەشدارانی سمینارەکە پرسیار و تێبینییەکانی خۆیان هێنایە گۆرێ و دواتر بەرێز دالیا بە وردی وڵامی دانەوە.

پێویستە بگوترێ ژمارەیەکی بەرچاو لە پیاوانی ئۆگری پرسی ژنان لەم سمینارە دا بەشدار بوون.

## به بۆنەی ٢٥ ی نۆڤامبر یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سێمینارێکی بەڕێوە برد

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ ی نۆڤامبر، رۆژی جیهانیی نەهێشتنی توند و تیژی دژی ژنان سمینارێکی بۆ خاتوو خەدیجە مەعزوور، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە بەبەشداریی دەیان کەس لە ژنانی ئەندامی ئەو یەکیەتییە و میوانانی بانگهێشت کراو بەڕێوە چوو، خەدیجە مەعزوور باسی لە چەند یاسایەکی کۆماری ئیسلامی کرد کە رەوایی بە توند و تیژی دژی ژنان دەدەن و ئەو کردەوە ناشیرینە سیستماتیک و قانوونی دەکەن.

بەشێکی دیکەی باسەکەی خەدیجە مەعزوور باس لە رێگاکانی سڕینەوەی ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەدا و کەمکردنەوە لە خەسارەکانی توند و تیژی لە کۆمەڵگەدا بوو. ناوبراو وشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگای لە ماف و پێگەی کۆمەڵایەتییان بە بەردی بناغەی ئەو هەوڵانە ناو برد و گۆڕین و چاکسازی لە یاساکانی وڵات بە قازانجی یەکسانیخوازی لەو بوارەدا بە شتێکی پێویست



و هەروەها کاریگەر لە سەر بنەبڕ کردنی توند و تیژی دژی ژنان لە قەڵەم دا.

## بەڕێوەچوونی سمینارێک بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی جیهانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە بریتانیا





ریکەوتی ٢٦ی نوامبر لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی هەمرسمیت کۆڕێک بۆ هۆزان مەحمودو دوکتور رزگار ئەمین لە لایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ژنی کوردەوە پێکهات.

لە برگەکانی سەرەتای بەرنامەکە دا کورتەیەک لە مێژووی خەباتی ژنان و ئەو ئازارانەی بە درێژایی مێژوو ژنان چێشتوویانە بۆ ئامادە بووان لە توێی وتارێکدا خوێندرایەوەو پاشان هەر کام لە بەڕێز هۆزان مەحممود و دوکتور رزگارئەمین هاتنە سەر باسەکەی خۆیان

هۆزان مەحموود بەشێک لە قسەکانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ باس لە سەر:

_ توندوتیژی لە سەر بنەمای جێندەری و ئاکامەکانی و جۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوە

_ باسی ئەم ڕۆژە و مێژوەکەی

_ پێناسەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر

_ کۆمەڵێک ئامار لەسەر چەند وڵاتێک و کوردستانیش

لە بەشی دووهەمی پانێڵەکە دوکتور ڕزگار ئەمین لەباری دەرونیەوە لە سەر توندوتیژی دژی ژن دواو لە پیوەندی لەگەل دروست بوونی شەخسیەتی ئینسانەکان و شێوەی بەرخوردی بنەمالەو کۆمەڵگەو هەروەها چۆنیەتی کاریگەری لەسەر شکل گرتنی مرۆڤەکان بە تێرو تەسەلی دوا.

لە کۆتایی کۆڕەکەدا لەلایەن بەشدار بووانەوە چەندین پرسیار ئاراستەی پانێل گێڕان کران کە لە لایەن هەردووک بەرێزەوە هۆزان محمود و دوکتۆر ڕزگار ئەمینەوە وڵام درانەوە.

برگەی کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیە بە چەند پارچە گۆرانی مۆسیقا لەلایەن گرووپی ژێ و هەروەها هونەرمەندان کاک مەنسور ئیزەت پناە و کاک زانای تار و خاتوو لەنجە بەرنامەکەیان رازاوەتر کرد

## بارودۆخی نالەباری رۆژین محەممەدی لە زیندانی ئێوین

رۆژین محەممەدی، وێبلاگنووسی کورد و خوێندکاری بەشی پزیشکیی زانکۆی مانیل لە فیلیپین کە ماوەیەک لەمەوبەر قۆڵبەست کرابوو، ئێستا لە بەندیخانەی ئێوین لە بارودۆخێکی خراپی جەستەیی و رووحیدا بەسەر دەبا.

بە پێی هەواڵی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، رۆژین محەممەدی لە پێوەندییەکی کورتی تەلیفوونی لە گەڵ بنەماڵەکەیدا باسی ئەوەی کردوە کە لە زینداندا تووشی تێکچوونی باری دەروونی و سەر ئێشەی بەردەوام بووە.

رۆژین محەممەدی بە تۆمەتی « پڕوپاگەندە دژی نیزام» و» بەلارێدا بردنی بیروڕای گشتی» لە رێگای چالاکیەکانی بواری مافی مرۆڤ قۆڵبەست و زیندانی کراوە، ئەوەش لە کاتێک دایە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی فشاریان بۆ بنەماڵەی ئەو زیندانیە سیاسییە هێناوە تاوەکوو هەواڵەکانی پێوەندیدار بە رۆژین بڵاو نەکەنەوە و هەر لەو پێوەندییەشدا برای ناوبراو لە ماوەی رۆژانی رابردوودا بۆ دادسەرای موقەدەسی لە زیندانی ئێوین بانگ کراوە و هەڕەشەی لێ کراوە.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە رۆژین محەممەدی کە٢٣ مانگی خەزەڵوەر دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە فڕۆکەخانەی خومەینیی تاران لە لایەن هێزە



ئەمنیەتییەکانەوە بە شێوەی کاتی قۆڵبەست و بە دانانی بارمتە بەردرابوو، لە ٢ی سەرماوەز جارێکی دیکەش دەستبەسەر و بۆ زیندانی ئێوین راگوێزرا.

# پانۆڕامای ژیان و خەباتی مادام میتران

د.ئاسۆ حەسەن زادە

مادام دانیەل میتران هاوسەری فرانسوا میتران سەرکۆماری پێشووتری فەڕانسە و دۆست و دڵسۆزی گەلی کورد ڕۆژی ٢٢ی نۆامبری ٢٠١١ واتە دروست ئەو ڕۆژە کە چل ساڵ پێشتر دایکی مردبوو، لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا و لە نەخۆشخانەی ژۆرژ پۆمپیدووی پاریس کۆچی دوایی کرد.

ئاوڕدانەوەیەک لە ژیان و خەباتی مادام میتران دەری دەخا کە ئەو خانمە بەڕێزە چەندە لە خەمی بەشخوراوانی جیهان و یەک لەوان گەلی کورددا بووە و بۆ بنیاتنانی جیهانێکی باشتر، جیهانێکی کە لەودا کەرامەتی مرۆڤ بایەخی بنەڕەتی هەبێ، چەندە ماندوویی نەناس و لەخۆبردوو بووە.

خاتوو دانیەل ئێمیلیەن ئیزابێل گۆز ناسراو بە مادام میتران ڕۆژی ٢٩ ی ئۆکتۆبری ١٩٢٤ لە شاری «ڤێردەن» ی فەڕانسە کە گەورەترین و خوێناویترین مەعرەکەی شەڕی یەکەمی جیهانیی لەوێ ڕووی داوە، لەدایک بوو. دایکی دانیەل مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی و باوکیشی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی بوو. لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا کاتێک فەڕانسە لەلایەن ئاڵمانی نازییەوە داگیر دەکرێ، بناخەکانی بیری ئازادیخوازی و عەداڵەتپارێزی لەلای دانیەل چەکەرە دەکەن. چونکە خانەوادەی دانیەل هەر هەموویان زۆر ئازایانە بەدژی داگیرکەری بێگانە و حکوومەتی خۆبەدەستەوەدەری وڵات ڕادەوەستن و تێکەڵ بە ڕایەڵەکانی خۆڕاگریی گەلی فەڕانسە دەبن، هەر ئەو کاتەشە کە لەگەڵ فرانسوا میتران ئاشنا دەبێ.

پاش ئازاد بوونی فەڕانسە دانیەل و فرانسوا لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٤ لە پاریس پێکەوە ژیانی هاوبەش پێک دێنن. بەرهەمی ئەو ئیزدواجە سێ کوڕ دەبێ بە ناوەکانی پاسکال و کریستۆف و ژیلبێر کە یەکەمیان تەنیا دوو مانگ پاش لەدایکبوونی دەمرێ.

ساڵی ١٩٤٦ فرانسوا میتران بە ئەندامی پارلمانی فەڕانسە هەڵدەبژێردرێ. دانیەل کە لەو کاتەدا بۆخۆی ئەندامی ئەنجومەنی ئوستانی ناوچەکەی خۆیان دەبێ، بڕیار دەدا لە کۆڕ و کۆبوونەوە و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لە پەنا هاوسەرەکەی دەرکەوێ و یارمەتیی بدا. یەکەم جار کە دانیەل میتران دەست دەکا بە کاری خێرخوازی و مرۆڤدۆستانە ئەو کاتەیە کە فرانسوا میتران دەبێتە وەزیری جەنگاوەرانی دێرین. دانیەل کۆمیسیۆنێک بۆ یارمەتیدان بەو منداڵانەی لە شەڕدا باوکیان لەدەست دابوو دادەمەزرێنێ.

لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی فەڕانسە لە ساڵی ١٩٨١، کاتێک فرانسوا میتران لەلایەن پارتی سۆسیالیست و کۆمەڵێک ڕێکخراوی دیکەی چەپی فەڕانسەوە وەک ڕەقیبی سەرکۆماری دەستەڕاستیی ئەوسا واتە ڤالێری ژیسکار دێستەن دیاری دەکرێ، دانیەل میتران تێدەکۆشێ کەسایەتیی جیاوازی خۆی بۆ سەرکەوتنی هاوبەشی ژیانی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەکاربێنێ. کاتێکیش فرانسوا میتران دەبێتە سەرکۆمار، دانیەل کە دەبێتە خانمی یەکەمی فەڕانسە بەشێوەیەکی جیاواز لە خانمە یەکەمەکانی پێش خۆی ئەو نەخشە دەگێڕێ.

دانیەل میتران بەو جەهانبینییە فراوان و بەو هۆگرییەوە کە بە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤەکانی هەبوو، خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و ئازا و سەربەخۆ بوو کە هەرگیز لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی بە ئاشکرا و هەڵسوکەوت بەو جۆرە کە بۆخۆی باوەڕی پێ بوو دوودڵیی نەدەکرد. تەنانەت زۆر جار هەڵوێستی واشی دەگرتە بەر کە بەهۆی ئەوە کە هاوژیانی سەرکۆماری دەوڵەتێکی گەورەی وەکوو فەڕانسە بوو دەبووە مایەی کێشە و سەرێشە هەم لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی نێوخۆدا و هەم لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەدا.

مادام میتران بەمەبەستی نەهادینەکردنی کاروچالاکیی خێرخوازیی خۆی ساڵی ١٩٨٦ بنیاتێکی بەناوی فرانس- لیبرتە واتە فەڕانسە-ئازادی دامەزراند کە دواتر لەلای دامودەزگاکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ستاتووی ڕاوێژکاریی وەرگرت. هەڵوێست و کار و چالاکییەکانی مادام میتران چ وەک خۆی و چ لە چوارچێوەی بنیاتی فرانس لیبرتەدا کۆمەڵێک بابەتی ئینسانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشی دەگرتەوە. دانیەل میتران لە نفووزی خۆی بۆ گەیاندنی دەنگی گەلانی ژێردەستە و زوڵملێکراوی وەک گەلی کورد و گەلی تیبێت و گەلی سەحرا و هیندییەکانی ئەمریکای لاتین بە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و بڕیاردەرییەکانی جیهان کەڵکی وەردەگرت. هەروەها بەدژی ئاپارتاید و سزای ئیعدام خەباتی دەکرد.دروستکردنی قوتابخانە لە کوردستان و خەبات بەدژی نەخۆشیی ئایدز لە ئەفریقا لە تەوەرەکانی دیکەی کار و چالاکیی فرانس لیبرتە بوون.

مادام میتران بەڕوونی دژی زیادەڕەوییەکانی سیستمی سەرمایەداری بوو. ئەو لایەنگری بەجیهانی بوونێکی دیکە بوو، بەجیهانیبوونێک کە لەودا عەقلانییەت و تەعادول و دابەشکردنی سەروەت و سامان لەنێوان مرۆڤەکان و ئینسانەکاندا بکرێتە ئامانج. لایەنگریی ئازایانەی ئەو لە هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەکردەوە بۆ نەهێشتنی جیاوازی و درزی نێوان وڵاتانی دەوڵەمەند و وڵاتانی هەژار بووە هۆی ئەوە کە ساڵی ١٩٩٠ شووڕای ئەورووپا خەڵاتی باکوور- باشووری پێ ببەخشێ. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە چەمکی دەوڵەمەندی دەبێ سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە و کۆمەڵێک هێمای دیکە بۆ پێناسەکردنی ئەو چەمکە بەکار ببرێ وەک دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە زانست و پەروەردە و هەروەها سامانە سروشتییەکان. هەر لەو چوارچێوەیەشدا بوو کە مادام میتران لە دوا ساڵەکانی ژیانی دا زۆرتر بایەخی بە پرسی ئاو دەدا و لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ دەستڕاگەیشتن بە ئاوی پاک وەک یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ بەڕەسمی بناسرێ و کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ هەموو هەوڵ و هیممەتی خۆی بۆ پاراستنی ئەو سامانە هاوبەشەی مرۆڤایەتی دەکار بخا.







یەکێک لەو گەلە زوڵملێکراوانەی دانیەل میتران هۆگری بوو و پشتیوانیی لێ دەکرد، گەلی کورد بوو. مادام میتران لە سەرەتای هەشتاکانی زایینیدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕووناکبیری کوردی باکوور و بەتایبەتی لەڕێگەی دوکتور قاسملووەوە لەگەڵ مەسەلەی کورد ئاشنا بوو.

ساڵی ١٩٨٦ پاش ئەوە کە مێهدی زانا شارەداری دیاربەکر بە تاوانی ئەوە کە وتارێکی بە زمانی کوردی پێشکەش کردبوو بە چاردە ساڵ زیندان مەحکووم کرا، مادام میتران بە ڕەسمی پشتیوانیی خۆی لە مەهدی زانا و بێزاری خۆی لە حوکمێکی لەو چەشنە ڕاگەیاند. ئەو هاوپێوەندییەی ئەو لەگەڵ خەباتگێڕانی مەدەنیی باکووری کوردستان بەتایبەتی ئەو پارلمانتێرە کوردانەی وەک خانمی لەیلا زانا کە بەردەوام لەلایەن حکوومەتی تورکیەوە دەستگیر و ئازار دەدران، لە ساڵەکانی دواتریشدا بەردەوام دووپات بۆوە.

هەنگاوێکی گەورەی دیکەی دانیەل میتران لە پشتیوانی لە گەلی کورددا بەستنی یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر پرسی کورد بوو کە بە دەسپێشخەری و لەژێر چاوەدێریی مادام میتراندا لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٨٩ دا لە پاریس بەسترا.

بڕگەی هەرە گرینگ و بەرچاو لە پشتیوانیی مادام میتران لە گەلی کورد ئەو کاتە بوو کە پاش شەڕی یەکەمی کەنداو کوردەکانی باشووری کوردستان بەهۆی هێرش و هەڕەشەی ڕێژیمی سەدام حوسێنەوە بەکۆمەڵ ئاوارە و پەڕیوەی سنوورەکان بوون و کەوتبوونە بەر مەترسیی لەنێوچوون. مادام میتران یەک لەو کەسانە بوو کە لە ڕێگەی قەناعەت هێنان بە فرانسوا میتران و دەوڵەتی فەڕانسەوە، لە ڕێگەی بڕیارنامەی ٦٨٨ ی ساڵی ١٩٩١ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هێنایە سەر ئەوە کە پارێزگاری لە کوردەکان بکەن. هەر ئەوەش بوو بە سەرەتا و بنەمایەک بۆ ئەوە کە کوردەکان لە باشووری کوردستان دەست بکەن بە بنیاتنانی داهاتووی سیاسیی خۆیان.

پاش ئازادیی کوردستانی عیراق ساڵی ١٩٩٢ مادام میتران یەکەمین کەسایەتیی نێونەتەوەیی بوو کە لەگەڵ بێرنارد کووشنێر وەزیری ئەو کاتی تەندروستی و یارمەتیی مرۆڤایەتیی حکوومەتی فەڕانسە سەردانی کوردستانیان کردەوە و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بە کۆمەڵێک پرۆژەی وەک دروستکردنەوەی قوتابخانە و بنکە تەندروستییەکان کۆڕ و کۆمەڵە بیانییەکان ڕازی بکەن کە کوردەکانی عیراق بەتەنیا بەجێ نەهێڵن و لە بنیاتنانەوەی داهاتوویاندا هاوکارییان بکەن. وتارێک کە مادام میتران لەو سەفەرەدا لە پارلمانی کوردستان پێشکەشی کرد لەڕووی سەمبۆلیکەوە وەک دەعوەتکردنێکی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ بەڕەسمی ناسین و یارمەتیدانی ئەو قەوارە ساوایە بوو کە کوردەکانی باشوور خەریک بوون بنیاتیان دەنا. لەو سەفەرەدا مادام میتران تەنانەت لە گیانی خۆشی ریسکی کرد، چونکە دژمنانی گەلی کورد کردەوەیەکی تێرۆریستییان لەسەر ڕێگەی کاروانەکەی لە نزیک سلێمانی بەڕێوە برد کە بووە هۆی شەهید بوونی شەش کەس لەو پێشمەرگانەی مادام میترانیان ئیسکۆرت دەکرد.

مادام میتران هەر لەو کاتەدا کە لە دۆستایەتیی لەگەڵ گەلی کورددا وەفادار و لە پشتیوانی کردنی ئەو گەلەدا بەردەوام بوو، وەک دۆستێکی دڵسۆز و ڕاستەقینەش لەگەڵ ڕێبەرانی ئەو گەلە مامەڵەیەکی ڕووک و ڕاستی هەبوو و ئەگەر بەپێویستی زانیبا ڕەخنەشی لێ دەگرتن. ئەو زۆر خەفەتی بە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کوردەکانەوە دەخوارد. کاتێک شەڕی نێوخۆیی لە باشووری کوردستان وەڕێ کەوت، مادام میتران زۆر دڵسارد و ناڕەحەت بوو و هەموو هەوڵی خۆی بەکارهێنا کە کوردەکان کۆتایی بەم وەزعە بێنن. بەچەشنێک کە ئاشتبوونەوە و برایەتیی نێوان ڕێبەرانی کوردی باشوور یەکەمجار لە ئۆفیسەکەی مادام میتران لە پاریس لە ساڵی ١٩٩٧ دەستی پێ کردەوە.

کۆچی دوایی مادام میتران شەپۆلێک لە سۆز و حەسرەت و هاوخەمیی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و فەرهەنگی و بەشەردۆستەکانی سەرتاسەری جیهاندا و بەتایبەت لەلای گەلانی ژێردەستە و لێقەوماوی جیهان کە مادام میتران دیفاعی لێ کردبوون و بەهانایانەوە چووبوو وەڕێخست. گەلی کورد یەک لەو گەلانە بوو. هەربۆیە ڕۆڵەکانی ئەو گەلە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتیش کۆچی دوایی مادام میتران بە خەسارێک دەزانن کە لە خۆیان کەوتوە و تا سەر خزمەت و خەمخۆرییەکانی ئەویان لە چاودا دەمێنێ. یاد و بیرەوەریی دایکی کوردان، مادام دانیەل میتران، هەر بەرز و بەڕێز بێ.

## بەیاننامە:

# بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو دانیال میتران

ڕۆژی سێشەممە یەکی سەرماوەزی ١٣٩٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی نووامبری ٢٠١١ی زایینی خانمی بەڕێزو مرۆڤدۆست خاتوو دانیال میتڕان، دۆستی لەمێژینەو دڵسۆزی کوردو هاوسەری فڕانسوا میتڕان سەرکۆماری کۆچکردووی فەڕانسە لە نەخۆشخانەی جۆرج پۆمپیدۆی پاریس کۆچی دوایی کرد.

ناوی خاتوو میتڕان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و زۆری دیکە لە گەلانی زۆرلێکراوی جیهان‌و ئەو خەڵکانە کە لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیا پێویستی‌یان بە یارمەتیی ئینسانیی پەیدا کردوە، ناوێکی ئاشنایە. ئەو مرۆڤە مرۆڤدۆستە لەبەر خاتری کۆمەک بەلێقەوماوانی جیهان‌و لەڕیزی پێشەوەیان‌دا نەتەوەی کورد، ٢٥ساڵ لەمەوبەر بنیاتی «فڕانس لیبرتێ» فەڕانسەی ئازادی دامەزراندو تۆماری کرد، تا هەم پشتیوانیی دەوڵەت‌و میللەتی فەڕانسەو خێرخوازانی وڵاتانی دیکە بۆ یارمەتییە ئینسانییەکانی بەدەست بێنێ‌و هەم سروشتێکی ڕەسمی‌و قانوونی بە چالاکییە خێرخوازییەکانی بدا. ئەوخانمە لە هاوسەرییەتیی سەرکۆماری فەڕانسەش بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە مرۆڤدۆستانەکانی کەلکی وەردەگرت.

بەهەق پێوەندیی مادام میتڕان دەگەڵ نەتەوەی کوردو ڕێبەرە سیاسییەکانی‌و هەروەها ئاشنایەتیی ئەو نەمرە دەگەڵ ئێش‌و ئازارەکانی خەڵکی کوردستان دیاردەیەکی کەموێنە بوو. لە هەرکوێ‌و هەروەخت کوردەکان دەگەڵ گیروگرفت بەرەوڕوو بان یان سەرکەوتنێکیان بەدەست هێنابایە مادام میتڕان ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە شایی‌و شین‌و خۆشی‌و ناخۆشییەکانیان‌دا بەشدار بوو. ساڵی ١٩٩١ کە کورد لە باشووری کوردستان کەوتە بەر پەلامارو مەترسیی قەلاچۆی نەتەوەیی، مادام میتڕان لەڕیزی یەکەم خێرخوازانی جیهان‌دا بوو کە بۆخۆی هاتە کوردستان‌و ئاوارە کوردە باشوورییەکانی لە باشوورو هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات‌و باکوور واتە کوردستانی ئێران‌وتورکیە بەسەر کردەوەو بە هیچ جۆر گوێی نەدایە کارشکێنی‌و پێ‌ناخۆشبوونی دەوڵەتانی حاکم بەسەر ئەم دوو وڵاتەدا. لە دوای ئەوەش چەند جار سەردانی کوردستانی کردو تیمەکانی «فڕانس لیبرتێ» یش بۆماوەی چەند ساڵ یارمەتییە ئینسانییەکانیان پێشکەشی کوردەکانی باشوور کرد.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە خاتوو میتڕان لەسەر یارمەتی بەکورد ئەوەندە کەوتە بەر ڕق‌و بێزاریی نەیارانی کورد،کە مەترسیی گیانییشی کەوتە سەرو لە یەکێک لە سەرفەرەکانی‌دا بۆ باشووری کوردستان لە نیزیک شاری سلێمانی بەمەبەستی تێرۆرکردن بۆسەی بۆ دانرایەوە، کە بە خۆشییەوە پیلانەکە سەر نەکەوت‌و مادام بە سلامەتی دەرچوو.

شایانی باسە کە پێوەندیی مادام میتڕان دەگەڵ حیزبی دێموکڕات‌و ڕێبەرە شەهیدەکانی بەتایبەتی دەگەڵ دوکتۆر قاسملووی نەمر پێوەندییەکی یەکجار نیزیک‌و دۆستانە بوو. ئەو پێوەندییە زەمینەو کاریگەریی لەسەر هەلوێستی دۆستانەی مادام میتران لەگەڵ کورد وپیشتیوانیی ئەو مرۆڤە دڵسۆزە لە نەتەوەکەمان هەبوو.

بەو پێیە مەرگی خاتوونی بەڕێز مادام میتڕان، خاتوونێک کە لەبەر هاوپێوەندیی نیزیکی دەگەڵ کورد ناسناوی دایکی کوردی پێ‌بەخشرابوو، بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و حیزب‌و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانیان بەگشتی، بە خەسارێکی گەورە دادەنرێ‌و دڵنیاین نەتەوەی ئەمەگناسی کورد هیچ‌کاتێک خزمەت‌و پشتیوانی‌و یامەتییە ئینسانییەکانی لەبیر ناکا.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشیی گەرمی خۆی پێشکەشی بنەماڵەی بەڕێزی میتڕان‌و میللەتی فەڕانسە دەکاو خۆی لەو موسیبەتەدا بەشەریک دەزانێ. تێکۆشەرانی حیزبی ئێمەو تیکڕای کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یادی مادام میتڕان بەرز ڕادەگرن‌و سڵاو بۆ ڕووحە بەرزە مرۆڤدۆستەکەی دەنێرن.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**١٣٩٠/٠٩/٠٢**
**(٢٠١١/١١/٢٣)**

# ئامانجەکانی هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران

تەها ڕەحیمی

هەڵسوکەوتە ناسەردەمیانە و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا بووە بە هۆی ئەوەیکە ڕۆژبەرۆژ ئێران زیاتر لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە تووشی تەریککەوتنەوە بێ و زۆربەی وڵاتانی دنیا بە تایبەت بەرەی ڕۆژئاوا بازنەی گەمارۆکانی لێ تەنگتر بکەونەوە و هەوڵ بدەن سەرچاوە و ئامرازەکانی ئەو چەشنە هەڵسوکەوتانەی لێ کز بکەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سۆنگەی لاساری و کەڵەوەکێشی و ڕێزنەگرتن لە جاڕنامە و بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان و تەنانەت پێشێل کردنی ئەو ڕێککەوتنانە و قاچاخ و تیرۆر و سەدان کردەوەی نامرۆییانەی دیکە، بەم دواییانە لە لایەن چەند وڵاتەوە بە پێشەنگایەتی ئەمریکا و ئینگلیس و فەڕانسە بڕیار درا گەمارۆ بخەنە سەر بەشی نەوت، کە گرینگترین سەرچاوەی داهاتی ئەو وڵاتەیە؛ کە دیارە زیاتر بۆ کردەوە قێزەونەکان و خەرجی ئاژاوەگێری لە جیهان بە کار دەهێنرێ.

بە دوای هاتنە ئارای ئەم باسە و پچڕانی هەموو پێوەندییە داراییەکانی ئینگلیس لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، پارلمانی ڕێژیم بڕیاری دا ئاستی



**ململانێی دوو ڕەوتی سەر بە خامنەیی و ئەحمەدینژاد بە هۆی نزیک بوونەوەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس وێدەچێ گرژتر بێتەوە و ئەم شانۆیەی گۆپاڵبەدەستانی بەیتی ڕێبەری دەتوانێ ڕیگە بۆ پەلامار بۆ سەر لایەن و بنکە و دامەزراوەکانی سەر بە سەرکۆمار و هاوڕێکانی خۆش بکا کە بە چڕی تێدەکۆشن زۆربەی کورسییەکانی مەجلیس داگیر بکەن کە دەتوانێ لە سەر دەوری یازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری کاریگەریی جیددی هەبێ.**

پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بریتانیا کەم بکاتەوە. دوو ڕۆژ بە دوای بڕیاری مەجلیس دا کۆمەڵێک گۆپاڵبەدەست و گوێڕایەڵی بەیتی ڕێبەری لە بەر دەرکی باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران کۆبوونەوە و پاش هێندێک دروشمدان بە بەسیجی و سوپایی و ئاخوندەوە وەسەر دارو دیواری باڵوێزخانە هەڵگەڕان و دەستیان کرد بە بردنی کۆمپیتەر و ئامرازەکانی پێوەندی و شکاندنی دەرک و پەنجەرەکان. چەند کاتژمێریکی پێ ناچێ کۆمەڵە کەسێکی دیکە پەلاماری کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوونی فەرمانبەرانی باڵوێزخانەی بریتانیا لە باخی «قولهەک» دەدەن و تەنانەت دەوترێ زۆر ناحەز لەگەڵیان دەجووڵێنەوە. ئەو شتەی کە لەم ڕووداوانەدا سەیر دێنێتە بەرچاو ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی نیشانی داوە ئەگەر بیەوێ بەر بە ڕووداوێک بگرێ بەرەنگاری دەبێتەوە و تەنانەت ئەگەر بەریشی بۆ نەگیرێ نایەڵێ دەنگ بداتەوە کە لە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری دا بۆ هەمووان دەرکەوت هیچ کامێرا و ڕۆژنامەنووس و میدیایەک بۆی نەبوو ڕوومالی ڕووداوەکان بکا؛ کەچی لە ڕووداوی هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی بریتانیادا دەبینین کە بە دەیان کامێرا و ڕاگەیەنی گشتیی دیکە بە تایبەت پرێس تیڤی ڕوومالی ڕووداوەکان دەکەن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گێڕانی ئەم شانۆیانەدا دەستی باڵای هەیە، تەنانەت ئەم شانۆیانەی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ بەڕێوەبەری بوون بە سەرچەشنێک بۆ ئەو دیکتاتۆرانەی گلۆڵەیان ڕووی لە لێژی کرد (حوسنی مبارەک، مەعمەر قەزافی) و بەشار ئەسەد کە بە هۆی نزیکی لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم لە هەمووان زیاتر کۆپی ئەم چەشنە کردەوانەی ئێران لەگەڵ دژبەران و دنیای دەرەوەی خۆی دەکا.

ئەگەر بمانەوێ بە وردی باس لەم شانۆیانەی کۆماری ئیسلامی بکەین زۆر هەڵدەگرێ و لەم نووسینە کورتەدا تەنیا دەتوانین بپرژێینە سەر هێندێک لە ئامانجەکانی باندی خامنەیی لە بەڕێوەبردنی ئەم شانۆیەی لە نێو خۆی وڵاتدا.

پرۆژەی یەکدەست کردنەوەی تاقمی دەسەلات بەدەست لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دا نوشوستی هێناوە و تەنانەت کودیتای ٨٨یش نەیتوانی ماڵی ئوسولگەراکان یەک بخاتەوە و ئەگەرچی هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدینژاد لە سیناریۆی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری تێچوویەکی زۆری بۆ خامنەیی هەڵگرت و ناچاری کرد تەنانەت دۆستە لە مێژینەکانی وەک ڕەفسەنجانیشی... بۆ وەلا بنێ بەڵام ئاکامەکەی چەند بەرەکایەتییەکی قوڵی دیکە بوو. کە شەڕەدندووکە و مانگرتنی ئەحمەدینژاد و گیرانی مۆرەکانی بەرەی ئەحمەدینژاد ـ مەشایی بەڵگەی ئەم کەلێنەن.

لە بەرەبەرەی هەڵبژاردنێکی دیکەدا کە هیچ کام لە ڕەوتە ئۆتۆریتەخوازەکان ئامادە نین بە شێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوە هەڵبکەن و ڕەنگە تەسویە حیسابی ئەم باڵانە خوێنی تێدا بڕژێ و هەروەک لە چەند مانگ لەوە پێشەوە خامنەیی هۆشداری دا کە نابێ هەڵبژاردن بکرێ بە شتێکی ئەمنییەتی، وێدەچێ بەرەی ئوسوولگەڕای سەر بە بەیتی ڕێبەری باشتریان هەست بە مەترسییەکانی ململانێی ئەم هەڵبژاردنانە کردبێ. تەقینەوە گومانیاوییەکانی تاران و ئیسفەهان لایەکی دیکەی قەزییەکەن کە خامنەیی دەیەوێ لە مێدیا و بیروڕای خەڵکی دا کەمرەنگی بکاتەوە و توانای ئەمنییەت و ئاسایش ڕاگرتنی کاربەدەستان لە لای خەڵک نەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەروەها توندتربوونی گوشارەکان لە سەر دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژیکی ناوچەیی ئێران واتا بەشار ئەسەد و ئەگەری ڕووخانی ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە سووریە دەتوانێ ببێتە هاندەرێ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران کە خامنەیی و حکوومەتەکەشی تووشی وەها چارەنووسێک بکەن.

لە لایەکی دیکەشەوە ململانێی دوو ڕەوتی سەر بە خامنەیی و ئەحمەدینژاد بە هۆی نزیک بوونەوەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس وێدەچێ گرژتر بێتەوە و ئەم شانۆیەی گۆپاڵبەدەستانی بەیتی ڕێبەری دەتوانێ ڕیگە بۆ پەلامار بۆ سەر لایەن و بنکە و دامەزراوەکانی سەر بە سەرکۆمار و هاوڕێکانی خۆش بکا کە بە چڕی تێدەکۆشن زۆربەی کورسییەکانی مەجلیس داگیر بکەن کە دەتوانێ لە سەر دەوری یازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری کاریگەریی جیددی هەبێ. کەواتە دەبێ چاوەڕوان بین کە بەرەی ئەحمەدینژادیش وەک زۆربەی ئیسلاحتەڵەبەکانی وەک کەڕووبی، مونتەزیری، دەستغەیب و سانعی بکەونە بەر هێرشی ئەم تاقمە گۆپاڵ بەدەستە پەروەردەکراوەی دەستی حکوومەت کە بە نوێنەرایەتی و ڕێنوێنیی باندی ڕیبەری لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی بەرەی خامنەیی هەوسار پچڕاوانە لە گێچەڵ دەگەڕێن.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە رابردووی کێشەکانی بریتانیا لەگەڵ ئێران کۆنە و تەنانەت خۆ لە چەند سەدە دەدا. لەو کاتەوەی کە بریتانیا بە قازانجی ڕووسیە و هێندوستان سنوورەکانی لە «ممالک محروصه شاهنشاهی»ییەکانی ئێرانەوە بچووک دەکردەوە هەتا کودیتا لە موسەدیق کە دەیەویست نەوتی ئێران «میللی» بکا کە بریتانیا پشکێکی زۆری تێیدا هەبوو. لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییش دا دوای ماوەیەکی زۆر پچڕانی پێوەندیی دوو وڵات دواتر بە هۆی فتوای خومەینی لە سەر کوشتنی سەلمان ڕوشدی و لەم دواییانەش دا بە بارمتەگرتنی ١٥ مەلەوانی بریتانیایی (ساڵی ١٣٨٦) پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان بووە. لە لایەکی دیکەوە نەرمی نواندنی وڵاتانی دەرەوە و بە تایبەت ئەو وڵاتانەی ئیدیعای دیموکراسی و دادپەروەری دەکەن، لە پیناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ئێراندا بووە بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕوویان هەڵماڵدرێ و ڕۆژبەرۆژ زیاتر لە هەوڵی کاری قێزەون و پێشێل کردنی ڕێککەوتنامە و جاڕنامە نێونەتەوەییەکان دا بن. بە دەیان تیرۆر لە ناوەندی ئورووپا و ئەمریکا و... ئاشکرابوونی دەیان پیلانی تیرۆر و کاری خراپکارانە و گیرانی چەندین باری چەک و تفاقی جەنگی و بە دەیان کردەوەی دیکە کە لەگەڵ نۆرمەکانی ئەمڕۆی جیهان ناتەبان لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی دا تۆمار کراون کە زۆربەیان بە بەرتیلدان و ئیمتیاز بەخشین بە وڵاتان پووش بە سەرکراون و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەم بنەمایانە جاران ئەسپی خۆیان لینگ داوە و دەیانەوێ تەمەنی دەسەڵاتداریێتی خۆیان بەمجۆرە کردەوانە و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی درێژتر بکەنەوە.

## نامەی کۆمەڵێک لە خوێندکاران و چالاکانی مەدەنی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژانی تاسوعا و عاشوورا

دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە بەردەوام بە خراپ کەڵکوەرگرتن لە هەست و بەستراوەیی ئایینی خەڵکی کوردستان هەوڵ دەدا بە دووبەرەکی خستنە نێو لایەنگرانی مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هاوکات لەگەڵ تێکۆشان بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتدارێتییەکەی، شوناسی نەتەوەیی و کولتووری نەتەوەی کورد بەرەو لەنێوچوون و داتەپین ببا. لەو بەینەدا بینیومانە کە لایەنگرانی مەزهەبی شیعە لە پارێزگاکانی سنە، کرماشان و ئیلام سەرەرای نزیکایەتی مەزهەبی لەگەڵ دەسەڵاتداران، زیاتر لە بەشەکانی یکەی کوردستان کەوتوونەتە بەر شالاوی ژینۆساید و تواندنەوەی کولتووری. لە ڕاستیدا نزیکایەتی مەزهەبی ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتداران نە تەنیا نەیتوانیوە لە دەرد و مەینەتییەکانیان کەم بکاتەوە و ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی ئیمتیازی تایبەت بە دەسەڵاتدارن لە بەراوەرد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بەڵکوو ئاماری هەژاری، بێکاری، تووشبوون بە مادده سڕکەرەکان و... لەو بەشە لە کوردستان دا دەرخەری ئەوپەڕی دوژمنایەتی دەسەڵاتدارانی ئێرانە لە هەمبەر ژنان و پیاوانی ئەو ناوچەیەی کوردستان. ئێمە بە ئاگاداربوون لە ناکارامەیی حکوومەتی ئایینی و بە جەخت کردن لە سەر ئەسڵی جیایی ئایین لە دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، بە جێگەیاندنی تەکلیف و ڕێورەسمەکانی ئایینی بە مافی بنەڕەتی تەواوی لایەنگرانی هەموو ئایین و مەزهەبێک دەزانین و لەو پێوەندییەدا لەگەڵ هاتنی ڕۆژانی تاسووحا و عاشوورا لەگەڵ هاودەردی کردن لەگەڵ لایەنگرانی مەزهەبی شیعە لە کوردستان، لە سەرجەم شیعەکانی کوردستان داواکارین کە بە لەبەرچاوگرتنی جەوهەری مافخوازانەی ڕووداوی عاشوورا هەنگاوەکانیان لە ڕێگەی خەباتی مافخوازانە و نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کوردستان پتەوتر بکەن. ئەو ڕاستییە مێژووییە گرینگەش نابێ لە یاد بکەین کە مەزهەبی شیعە پادگوتارێک لە بەرامبەر هێرشی فەرهەنگی زاڵی ئەو سەردەمی ئێران بووە کە بۆ جارێکی دیکە، بە جۆرێک بە کەڵکوەرگرتن ئامرازی لە هەستی مەزهەبی خەڵک بە کردەوە بەشێکی بەرچاو لە کوردستان لە خەڵکەکەی لایەنگری مەزهەبی شیعەن لە کوردستان جیا کردۆتەوە و بە ئەنجامدانی ژینۆسایدی سپی و تواندنەوەی نەتەوەیی و کولتوورت هەوڵیان بۆ بە تاڵانبردنی زمان، کولتوور و شۆناسی نەتەوەیی خەڵکەکەمان لەو بەشە لە کوردستان داوە. لەو پەیوەندییەدا ئەرکی سەرجەم خەڵکی کوردستانە کە بەدەر لە هەست و بەسترواوەیی مەزهەبی و بە جەخت کردن لە سەر هاوبەشی نەتەوەیی و کولتووری، یەکگرتووانە لە ڕێگەی خەباتێکی بەرین لە پێناو هەڵگرتنی زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی و بەدیهینانی خواستەکانی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی خۆیان هەنگاو هەڵێنن.

لایەنگرانی مەزهەبی شیعەش پێویستە جەوهەری ئازادیخوازانەی ڕووداوی عاشوورا بکەنە چرای ڕێگەیان و ڕێگەی هەر جۆرە کەڵکوەرگەرتنی ئامرازی لە ڕووداوی عاشوورا بگرن و ڕۆژانی تاسووعا و عاشوورا بکەنە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد.

# دانان بە قەڵاچۆی کوردانی دێرسیم بە چ مەبەستێک؟

قادر وریا

ئاماژەی ئەم دواییانەی «حوسێن ئایگۆن»، نوێنەری دێرسیم لە پارلمانی تورکیە بەو راستییە کە هەم دەوڵەت و هەم حیزبی کۆماریخوازی گەل (ج. ه. پ)، هەر دوو بەرپرسی کوشتاری کۆتاییەکانی دەیەی ٣٠ کوردانی دێرسیمن، کاردانەوەیەکی سیاسیی گرنگی لێ کەوتەوە و بووە هۆی ورووژاندنی پرسیارێکی گرنگ لە ناوەندە سیاسییەکان و راگەیەنەکانی تورکیە دا: کێ لە کوشتاری دێرسیم بەرپرسە و ئەم بەرپرسایەتییە، چ ئەرکێک بەدوای خۆی دا دێنێ؟

وەک دژکردەوە نیشاندان بەرامبەر ئەم باسەی کە لە لایەن نوێنەرێکی سەر بە حیزبی (ج. ه. پ) (ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەت) خراوەتە روو، رەجەب تەیب ئەردوغان لە کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی حیزبەکەی دا، رووی قسەی خۆی کردە سکرتێری گشتیی حیزبی ج. ه. پ، (کەماڵ کلیچدار ئۆغلوو) و وێڕای دانینان بەم کوشتارە و نیشاندانی دوو بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم قەڵاچۆیە، تاوانەکەی خستە سەر حیزبەکەی کەماڵ کلیچدار ئۆغلوو، چونکە لە کاتی ئەو کوشتارەدا دەسەڵاتی بەدەست بووە و گوتیشی «ئەگەر پێویست بێ بە ناوی دەوڵەتەوە داوای لێبوردن بکرێ، من ئامادەم داوای لێبووردن بکەم».

دانینانی سەرۆک وەزیری تورکیە بە کوشتاری کوردانی دێرسیم دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ، دەنگدانەوە و کاردانەوەیەکی سیاسی و میدیایی هەم لە ئاستی تورکیە و هەم لە ئاستی جیهان دا هەبوو و کۆمەڵێک پرسیار و چاوەڕوانیی بە دوای خۆی داهێنا؟ ئایا ئەم هەنگاوەی ئەردووغان لە چوارچێوەی ملبەملەیەکی حیزبی بە مەبەستی تاوانبار کردنی حیزبێکی رەقەبەر و ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەت دا و بە نیازی بەدەستهێنانی دەنگەکانی کوردان، دەمێنێتەوە؟ یا دەبێتە دەسپێکی گرتنەبەری سیاسەتێکی ئازایانە بەرامبەر بە پرسی کورد لەم وڵاتەدا؟

ئەوەی لە ساڵانی ١٩٣٨ و ١٩٣٩ دا لە دێرسیم کرا،قەڵاچۆ (کوشتاری بەکۆمەڵ)ی کوردان بەتایبەتی کوردانی زازا و عەلەوی بوو. ئەو قەڵاچۆیە هەر حیزبێک ئەوکات دەسەڵاتی بە دەست بووبێت، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێ کە دەوڵەتی ئەوکاتی تورکیە و سەرکۆماری ئەوکات (کەماڵ ئەتاتورک) کە بە دەسەڵاتدارترین کەس لە مێژووی کۆماری تورکیەدا بووە، لێی بەرپرسن. راپەڕینێک کە کوردەکانی دێرسیم بە سەرۆکایەتیی سەید رەزا، وەڕێیان خست لە دژی توانەوەی نەتەوایەتی و حاشاکردنی تورکیەی نوێ لە شوناسی نەتەوەیی ئەو کوردانە بوو کە بە پەلاماری سوپایی لە هەوا و زەوییەوە و تەنانەت بە کەڵک وەرگرتن لە گازی ژاراوی، سەرکوت کرا و لە رەوتی سەرکوتی راپەڕینەکەدا، خەڵکی ناوچەکە بە ورد و درشت و ژن و منداڵەوە، لەنێو بران. بە جۆرێک کە زیاتر لە ١٣ هەزار کورد بە دەستی هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە کوژران و هەر بە گوێرەی دانانی سەرۆک وەزیری ئێستای تورکیەش نزیکەی ١١ هەزار و ٦٠٠ کەسیش لە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ شوێنەکانی دیکەی تورکیە راگوێزران. دیارە هێندیک سەرچاوە باسی کوژران و تێداچوونی پەنجا هەزار کەس لە رەوتی ئەم کوشتارە بەکۆمەڵەدا دەکەن و ئەوە دەریدەخا کە چ تاوانێکی گەورە دژی کوردەکان ئەنجام دراوە کە هێشتا زۆر لایەنی بە شاراوەیی ماوەتەوە.



ئەردووغان و حیزبەکەی، حیزبی داد و گەشەپێدان، لە چەند ساڵی رابردوودا توانیویانە لە زۆر بوار دا بە گژ تابۆ و بەستەڵەکی سیاسیی چەندین ساڵە لە وڵاتەکەیاندا بچن و سیاسەتی نوێ دابێنن. پرسی کورد یەک لەو بوارانە بووە کە ئەردووغان و حیزبەکەی وێراویانە خۆی لێ بدەن و قسە و درووشم و هەنگاوی نوێیان لەم پێوەندییەدا خستۆتە روو. ئەم کارەیان ئەگەر لە سەرێکەوە وەک ئازایەتی سەیری کراوە و لەنێو کوردی ئەو وڵاتە و لایەنگرانی گۆڕان و بەرەوپێشچوون دا جۆرێک هیوا و دڵخۆشی درووست کردوە و رووماڵی سیاسیی تورکیەی تا رادەیەک گۆڕیوە، لە سەرێکی دیکەوە، بەتایبەتی لە نێو حیزبە کۆنەپارێز و شۆڤێنییەکانی تورک و لە نێو سوپا و دام و دەزگاکانی دیکەدا، نەیار و ناڕازی لە سیاسەتەکانی ئەم حیزبەی دروست کردوە.

ئەزموونی چەند ساڵی رابردوو دەری خستوە کە چارەسەرکردنی قەیرانێکی لەمێژینە و پرسێکی گرنگی وەک پرسی کورد لە تورکیەدا، هەر بە درووشمدان و تەبلیغات و بە یاریکردن بە کارتی کورد لە کاتی هەڵبژاردن و ململانێی سیاسی دا، چارەسەر نابێ و هەڵگرتنی هەنگاوی ئازایانەی بە کردەوەی پێویستە. ئەردووغان و حیزبی داد و گەشەپێدان و هەر مەقام و ناوەندێکی دەوڵەتی و سیاسی، دەبێ بێ دوو دڵی و بە راشکاوی رابگەیەنن لەگەڵ ئەوەدان کە لە مێژووی تورکیەدا دژ بە کوردەکان کراوە و ئەوانیش لەسەر هەمان رێگا و رێباز دەڕۆن، یا ئەوەی بەرامبەر بە کوردان کراوە و بە ناڕەوا و تاوانی دەزانن، مەحکوومی دەکەن و پەردەی لەسەر لادەدەن و نەک هەر ناهێڵن جارێکی دیکە ئەم کارەسات و تاوانانە روو بدەنەوە، بەڵکوو قەرەبووی ئەم رابردووە پڕ لە تاوانە دەکەنەوە؟

لەگەڵ ئەوەی دانانی وەک ئەردووغان وەک سەرۆک وەزیر و سەرۆکی حیزبی یەکەمی دەسەڵات بە کوشتاری دێرسیم و وروژانی ئەم پرسە لە ناوەندە سیاسییەکان و میدیای تورکیەدا، بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، ئەم کاتە دەتوانین بەمجۆرە داننانانە هیوادار بین کە ئەرکەکانی پێوەندیدار بەم دانپێدانانە، جێبەجێ بکرێن. «داوای لێبوردن» کە روون نییە ئەردووغان بۆچی ئێستا بە پێویستی نازانێ کەمترین چاوەڕوانییە کە لێی دەکرێ. پێکهێنانی کۆمیسیۆن و لیژنەی تایبەت بۆ تیشک خستنە سەر رەهەندەکانی ئەو قەڵاچۆیە و ئاوەڵاکردنی ئەرشیڤی دام و دەزگاکانی دەوڵەت بە رووی لێکۆڵەران دا بۆ ئەوەی نهێنی و لایەنە شاراوەکانی تاوانەکە بخەنە روو، لەم ئەرکانەن. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر، پێکهێنانی گۆڕان لە جۆری روانین بەرامبەر بە کورد وەک یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە دایە.

ئایا هەر بەو عەقڵییەتەی سەردەمی ئەتاتورک و دەیەی ١٩٣٠ سەیری کورد دەکرێ و بە رێگای تواندنەوە و حاشالێکردن و بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا و «میت»ەوە بەرەو رووی کورد دەبنەوە؟ یا دەست لەم جۆرە سیاسەت و بیرکردنەوە و کردەوانە هەڵدەگرن و بە داننان بەمافە بنچینەییەکانی کورد وەک نەتەوەیەک و قبووڵکردنی وەک شەریک و برابەش، لاپەڕەکی نوێ لە پێوەندیی کورد و تورک و پێکەوەژیانیان لەم وڵاتەدا هەڵ دەدەنەوە؟

# شەهیدی رێگەی بیر و قەڵەم

## (١٥ ساڵەی شەهیدبوونی مامۆستا مەلامحەممەد ڕەبیعی)

سیروان مووساپوور

مامۆستا مەلامحەممەد رەبیعی ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی کوردایەتی و پەرەپێدانی پەیامی پیرۆزی ئایین بوو کە بەحەق جێگەی خۆیەتی یادی بۆ هەتاهەتایە لەدڵی گەورە و گچکەی نەتەوەکەماندا بە زیندوویی بمێنێتەوە. خاوەنی بیرێکی رووناک لە بڕیاردان و بیرکردنەوەدا و قەڵەمێکی سەرکێش بۆ بەگژداچوونەوەی ناحەقی و کۆنەپەرستی بووە، بەڵام با بزانین کێ بوو، چی کرد و خاوەنی چ تایبەتمەندیگەلێک بوو کە دەسەڵاتی کۆنەپەرست و سەرەڕۆی ئێران چیتر توانای قبووڵکردنی نەبوو و چرای تەمەنی کوژاندەوە.

مەلامحەممەد رەبیعی کوڕی مەلا عەبدولحەکیم کوڕی مەلا محەممەدرەبیعییە. لە ساڵی ١٣١١ی هەتاوی لە گوندی «دراسپ»ی مەڵبەندی دیواندەرەی رۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە پێنج ساڵیدا قورئانی لای دایکی خوێندووە و لە پاشان سەرەتای «سەرف و نەحو»ی لای باوک و مامی خوێندوە. لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە حوجرەی فەقێیان و لەنێو کوڕی دۆستان و لە خزمەت مامۆستا زاناکاندا تا ئەو جێگەیەی لە توانای دابووە لە پێناوی وەدەسهێنانی زانست و زانیاریدا هەوڵی داوە و دنیایەک ئەزموونی وەسەریەک ناوە. دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لەلای خوالێخۆشبوو سەید عەلائەدین حوسێنی لە فێرگەی قشلاخ سپی، بۆ ماوەی ١٢ ساڵ هەر لەم گوندەدا خەریکی وانەوتنەوە و راپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵایەتیی خەڵک بووە. زۆربەی تەمەنی مامۆستا بە وانەوتنەوە لە مزگەوتەکان و ئامۆژگاریکردنی خەڵک و نووسین و خوێندنەوەوە تێپەڕ بووە. مەدرەسەی ئەردەوێڵییەکان و مزگەوتی عیماددەولە لە تاران و رادیۆی کرماشان و مزگەوتی گەورەی شافعی لە شاری کرماشان ئەو شوێنانەن کە مامۆستا بۆ ماوەیەکی زۆر تێیاندا خەریکی خزمەتکردن و وانەوتنەوە بووە. مامۆستا لە درێژایی تەمەنی چەندین ساڵ کار لە رادیۆی کوردیی کرماشان و پێشکەشکردنی سەدان بەرنامەی بەکەڵک و جێگەی سەرنج و هەروەها نووسین و وەرگێڕانی دەیان کتێب و ئەنجامدانی دەیان کار و چالاکی، تا ئەو جێگەیەی لە توانای دابوو لە خزمەت بە نیشتمان و نەتەوەکەی رانەوەستا و شێلگیرانە بەرگریی لە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەکرد. سەرەنجام لە مانگی سەرماوەزی ساڵی١٣٧٥ی هەتاویدا بە دەستی کاربەدەستانی وەزارەتی ئیتلاعات لە شاری کرماشان شەهید کرا و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.



ئەوانەی چاویان بە رووناکیی هەڵنایە و گوێیان لەڕاست حەقگۆییدا کەڕە و لە حەقخوازیی مرۆڤە شێلگیر و رووناکبیرەکان دەترسن، ژیانیان لەم مامۆستا بەرزەی مەیدانی کوردایەتی و ئیسلامەتی ئەستاند و نەیانهێشت زیاتر بژی هەتا زیاتر خزمەت بکا. مەلا محەممەد رەبیعی کە پێگەی بە هێزی لە نێو خەڵکی کرماشان و شارەکانی دەورووبەردا هەبوو، کۆسپێکی گەورە بوو لە سەر رێی جێبەجێ کرانی بەرنامە و پیلانە چەپەڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پارێزگایە و لە زۆر بواردا بە دژیان دەوەستایەوە. هەر بۆیە بە بیانوویەک بانگیان کردە ئیدارەی ئیتلاعات، بەڵام کوشتیان و تەرمەکەیان فڕێ دایەر سەر شەقام.

ئەوان لە هزر و بیری مامۆستا دەترسان، بێئاگا لەوەی قوتابیانی فێرگەی مامۆستا و مامۆستاکان، هەتا مابن دەست لە رێبازی ئەوان بەرنادەن و دژی تاریکیی و تاریک بیری رادەوەستن.

مامۆستا هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەرزی مرۆیی و رۆشنبیریی بوو. ئەگەر لە نێو سەرجەم تایبەتمەندییەکانیدا ئاماژە بە چەند دانەیەکیان بکەین، دەتوانین بڵێین:
- مامۆستا مرۆڤ و مرۆڤپەروەر بوو. مرۆڤ بە تەواوی مانای وشە و مرۆڤپەروەر تا ئەوپەڕی توانا. خۆ بەکەم زانی، قسەخۆشی، شەهامەتی ئەخلاقی و دەیان تایبەتمەندیی بەرزی مرۆیی دیکە کە مامۆستایان پێ دەناسرایەوە.

مامۆستا نیشتماندۆست و کوردپەروەر بوو. بە دەیان و سەدان بەرنامەی بە زمانی کوردی پێشکەشی گوێگرانی

ل ٦

# دەورێکی نوێی گەمارۆ دانی سیاسی و ئابووریی ئێران

مەسعوود ڕەواندوست

بڵاوبوونەوەی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی لە مانگی نۆڤامبردا لەسەر چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران کە تێیدا بۆ یەکەمجار بە ڕاشکاوی باسی لە بوونی لایەنی نیزامی لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێراندا دەکرد، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای جیهانی بە شێوەیەکی جیددیتر بیر لە دروستکردنی بەربەست لە بەردەم بەرنامە و چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێراندا بکانەوە.

بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای جیهانی یەکدەنگ و یەکگرتووتر باس لە زیاترکردنی گوشارەکان بۆسەر ئێران بکەن و وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا هەرکام لە لایەن خۆیانەوە و بە شێوەیەک پێشنیاری قورسترکردنی گەمارۆ و سزاکان بۆسەر ئێران بکەن. فەرانسە بۆ یەکەمجار پێشنیاری دانانی گەمارۆ لەسەر سەنعەتی وزە و نەکڕینی نەوتی ئێرانی هێنایە بەرباس و ئامریکا زنجیرەیەک گەمارۆی نوێی خستە سەر سەنعەتی پێترۆشیمی و نەوتی ئێران و بە گشتی کەشوهەوایەکی یەکدەنگ و چالاک لەدژی بەرزەفڕی و سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی پێک هات.

لە حاڵێکدا کە یەکیەتیی ئورووپا و ئامریکا بەرەو ئەوە دەچوون زنجیرەیەک سزای قورستر بەسەر ئێراندا بسەپێنن و هاوکات لەگەڵ هێنانەگۆڕی باسی نەکڕینی نەوتی ئێران و گەمارۆخستنەسەر سەنعەتی وزەی ئەم وڵاتە، دەوڵەتی بریتانیا بە شێوەیەکی یەک لایەنە دانوسان و پێوەندییەکانی لەگەڵ بانکی ناوەندیی ئێران ڕاگرت و بۆ یەکەمجار لە مێژووی بریتانیادا پێوەندیی لەگەڵ بانکی ناوەندیی وڵاتێک ڕاگرت.

دوا بەدوای ئەم بڕیارەی دەوڵەتی بریتانیا، دەوڵەتی کاناداش ڕایگەیاند کە هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ بانکی ناوەندیی ئێران ڕادەگرێ.

ئەم کردەوەیەی بریتانیا لە ڕاستیدا بە یەکەم هەنگاو دەژمێردرێ بۆ گەمارۆخستنە سەر سەنعەتی وزە و بازاڕی نەوتی ئێران و ئەوەش زەبرێکی زۆر قورس و کاریگەرە بۆ کۆماری ئیسلامی، چونکە بانکی ناوەندی تەنیا کاناڵی وەرگرتنی داهاتی نەوتە و لە ڕاستیدا بەسترانی ئەم کاناڵە بەربەستێکە لەسەر ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی ئێران. هەر بۆیە ئەم بڕیارەی دەوڵەتی بریتانیا بووە جێی نیگەرانی و تووڕەیی کاربەدەستانی ڕێژیمی تاران و وەک دژکردەوەیەک بەم بڕیارەی دەوڵەتی بریتانیا ڕۆژی یەکشەممە ٦ی سەرماوەز مەجلیسی ئێران گەڵاڵەی کەمکردنەوەی ئاستی پێوەندییەکانی لەگەڵ بریتانیا پەسندکرد و دواتر زۆر خێرا لە لایەن شووڕای نیگەهبانیشە پەسندکرا. هەر دوو ڕۆژ دوای پەسەندکرانی ئەم گەڵاڵەیە بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشرا داڕێژراو ژمارەیەک لە بەکرێگیراوان و گۆپاڵ بەدەستانی ڕێژیم بە شێوەیەکی زۆر ناشارستانیانە و بەدوور لە هەموو یاسا و ڕیسا نێودەوڵەتییەکان هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران و زەرەر و زیانێکی زۆری ماددییان بە باڵوێزخانەکە گەیاند و سووکایەتی و بێڕێزییەکی زۆریان بە کارمەندانی باڵوێزخانە و دەوڵەتی بریتانیا کرد.

ئەم کردەوە ناشارستانییە تووڕەیی خۆیان لەم کردەوە ناشارستانییەی ئێران دەربڕی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە درکردنی بڕیارنامەیەک ئەم کارەی ڕێژیمی تارانی مەحکووم کرد.

لە بەرامبەردا دەوڵەتی بریتانیا باڵوێزخانەی ئێران و دەرکردنی کارمەندەکانی لە لەندەن لە ماوەی ٤٨کاتژمێردا دەرکرد و بەر لە تەواوبوونی ئەم مۆڵەتە پۆلیسی بریتانیا بڕیارەکەی دەوڵەتی ئەم وڵاتەی جێبەجێ کرد و باڵوێزخانەی ئێرانی که تەنیا لە ڕێژیمێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی دەوەشێتەوە بووە هۆی تووڕەیی و بێزاری زیاتری کۆمەڵگای جیهانی و، یەکیەتی ئورووپا و ئەمریکا هەرکام بە جۆرێک بریتانیاش سەرەڕای داوای لێبووردنی وەزیری دەرەوەی دەزگای دیپلۆماسیی ئێران، وێڕای داخستن و گەڕاندنەوەی کارمەندانی باڵوێزخانەکەی لە تاران بڕیاری داخستنی داخست و کارمەندەکانی ئەم وڵاتە دەرکرد.



**کۆی ئەم ڕووداو و گەمارۆیانەی لەم چەند حەوتوویەی ڕابردوودا و دوای بڵاوبوونەوەی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بەسەر ئێراندا سەپاون، ئێرانیان خستۆتە دژوارترین هەلومەرجی سیاسیی تەمەنی خۆی و ڕێژیم زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە تەریک کەوتۆتەوە**

هەر لە کاردانەوە بەم کارەی کۆماری ئیسلامیدا نۆرویژ باڵوێزخانەی خۆی لە تاران بە شێوەیەکی کاتی داخست و فەرانسە و ئاڵمان و هۆلەند و چەند وڵاتی دیکەش باڵویزەکانیان بۆ ڕاوێژ بانگ کردەوە.

کۆی ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی توندتر بوونی کەشوهەوای نێونەتەوەیی لە دژی ڕێژیمی تاران و تەریک کەتنەوەی زیاتری ئەم ڕێژیمە و، یەکیەتیی ئورووپا و ئامریکای بەرەو ئەوە هاندا کە سزای قورستر و کاریگەرتر بەسەر ئێراندا بسەپێنن. هەر بۆیە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی سەرماوەزی یەکیەتیی ئورووپا لە بروکسێل زنجیرەیەک سزای نوێ بەسەر ئێراندا سەپا و ١٨٠ کەسایەتی و کۆمپانیای ئێرانی کەوتنە لیستی گەمارۆکانەوە.

دیارە ئەوەی بەر لەم کۆبوونەوەیە زۆر باسی لێدەکرا و وەک هەڕەشەیەکی توند لەدژی ئێران دەهاتە ئەژمار باس لە گەمارۆخستنە سەر بانکی ناوەندی و سەنعەتی نەوتی ئێران بوو کە دواتر دەرکەوت لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەری ڕێک نەکەوتون. ئەویش بە هۆی کاریگەرییە چاوەڕوان نەکراوەکانی ئەم بڕیارە لەسە بازاڕی نەوت لە وەرزی زستاندا و بە تایبەت بۆ چەند دەوڵەتی ئورووپایی کە لە باری ئابوورییەوە لە بارودۆخێکی خراپدان و گران بوونی نەوت بۆ ئەوان گیروگرفت دەخوڵقێنێ.

دیارە زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی بە وەبەرچاوگرتنی کەشوهەوای یەکدەستی دژی ئێران بەر لەم کۆبوونەوەیە چاوەڕوانیی پەسەندکرانی گەمارۆکان بۆسەر سەنعەتی نەوت و بانکی ناوەندیی ئێرانیان دەکرد و پەسندنەکرانی ئەم سزایانەیان بە نەرمی نواندنێکی سەیر لەم بارودۆخەدا زانی، بە تایبەت کە ئورووپا تەنیا ٪٧/٨ ی نەوتی خۆی لە ئێرانەوە دابین دەکا و ئەو بڕە نەوتە ئەوەندە نیە کە بتوانێ کاریگەری لەسەر بازاڕی نەوتی ئورووپا دابنێ.

بەڵام لە ڕاستیدا نیگەرانیی ئورووپا لەوەی کە ئێران هەوڵ بدا بازاڕێکی دیکە بۆ نەوتەکەی بدۆزێتەوە و ئەم بڕیارە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پرۆسەکە هەبێ سەپاندنی ئەم بەشە لە سزاکانیان بۆ کاتێکی دیکە دواخست.

هەر لەم پێوەندییەدا کاترین ئاشتۆن بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا ڕایگەیاند کە «ئەم بەشە لە سزاکان لە ژێر لێکۆڵینەوەی زیاتردان و یەکیەتیی ئورووپا لە داهاتوودا لەم پێوەندییەدا بڕیار دەدا» و لەوانەیە ئورووپا هەوڵ بدا سەرەتا و بەر لە دەرکردنی ئەم بڕیارە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بۆ نەوتی ئێران وتووێژ بکا.

هەر لە درێژەی هەڵوێست و بەرەوڕوو بوونەوە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمی تاراندا و بۆ خستنەسەری گوشاری زیاتر مەجلیسی سەنای ئامریکا سەرەڕای دژایەتیی کۆشکی سپی بە تێکڕای دەنگ گەڵاڵەی گەمارۆ خستنە سەر بانکی ناوەندیی پەسندکرد و گەڵاڵەکەی بۆ پەسندکردنی کۆتایی ناردە بەردەم سەرۆک کۆماری ئامریکا.

کۆی ئەم ڕووداو و گەمارۆیانەی لەم چەند حەوتوویەی ڕابردوودا و دوای بڵاوبوونەوەی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بەسەر ئێراندا سەپاون، ئێرانیان خستۆتە دژوارترین هەلومەرجی سیاسیی تەمەنی خۆی و ڕێژیم زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە تەریک کەوتۆتەوە. توندی و دژواری ئەم هەلومەرج و گەمارۆیانە و ئەگەری توندتر بوونیان لە داهاتوویەکی نیزیکدا دەتوانێ نیشاندەری گەیشتن بە کۆتایی هێڵ و بەرەڕوو بوونەوەیەکی جیددی بێ بۆ ئێران، بە تایبەت کە خوازیارانی هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران (وەک ئیسرائیل) وێڕای تۆخترکردنەوەی هەڕەشەکانیان، بەرەبەرە لە هەلومەرجی لەباری نێونەتەوەیی بۆ بەکردەوەیی کردنی ئامانجەکانیان نزیک دەبنەوە.

---

درێژەی:

# شەهیدی ڕێگەی بیر و قەڵەم

## (١٥ ساڵەی شەهیدبوونی مامۆستا مەلامحەممەد ڕەبیعی)

کوردزمان کردوە و چەندین نامیلکە و کتێبیشی بە کوردی پێشکەشی خوێنەران کردوە و لە شێعرهۆنینەوە بە زمانی کوردییش دەستێکی باڵای هەبوو. مامۆستا بەڕاستی خەمخۆری زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەی بوو. ئەوەندە بەسە کە لەو بوارەدا وتەیەکی بەناوبانگی ئەو مامۆستایە بۆ هەمیشە لە گوێمان دا بزرینگێتەوە کە فەرموویەتی: « ئێمە وەکوو ئەرکێکی شەرعی لەسەرمان پێویستە خوێندنەوەی کوردی فێر بین و فەرهەنگی خۆمان بناسین».

_ مامۆستا مرۆیەکی چالاک و خاوەن بەرنامە بوو. بە چاو خشاندنێک بەسەر هەندێک لە بەرنامە و چالاکییەکانی ئەم مامۆستا نەمرەدا، باشتر دەتوانین ڕاستیی ئەم تایبەتمەندییە بەرزە بسەلمێنین. زیندووکردنەوە و پەرەپێدانی زمان، کلتوور و جل و بەرگی کوردی، بیری دامەزراندن و پێکهێنانی کتێبخانەیەکی نەتەوەیی کوردی و گوتنەوەی زمانەکانی بیانی، داکۆکی لە ئازادیی ڕادەربڕین، خەبات لە دژی گەندەڵیی سیاسی و هەروەها بانگهێشتکردنی مامۆستا پایەبەرزەکانی وڵاتانی ئیسلامی بۆ وانەوتنەوە لە مزگەوتی گەورەی شافعیی شاری کرماشان، بەربەرەکانی لەگەڵ خوڕافات و کۆنەپەرستی و هەروەها هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی و یەکڕیزی لە نێو کوردە سوننە، شیعە و یارسانەکانی کرماشان تەنیا مشتێک لە خەرمانی کار و بەرنامەکانی ئەم مامۆستایە بوون.

_ مامۆستا نووسەر و شاعیر بوو. سەرەڕای کاری زۆر و پێشکەشکردنی دەیان و سەدان بەرنامە لە ڕادیۆی کرماشانەوە، چەندین کتێبی بە زمانەکانی کوردی و فارسی پێشکەشی خوێنەران کردوە. ئاوێنەی ئیسلام، سنت و بدعت، سراب عشق و اعتیاد، عالیجناب گوریل، مسائل و دلائل، مالکییەت لە ئیسلامدا، ڕاهنمای ازدواج، رساله القاعه لە تەلاقدا، الاحسان فی تجوید القران، عشق بی پایان، باقیات صالحات، خانوادە کوچک، بەچکەی بنیادەم، دوکاندارانی تەریقەت، گەنجینەی گەوهەر، کتێبی حەزرەتی عوسمان، چەند کتێبێک لە کتێبەکانی مامۆستان. بێجگە لەوەش ئەو لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دەنگێکی خۆش و سەرنجڕاکێش بوو، شاعیریش بوو و شێعرەکانی خۆی بە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی لە دیوانێک بە ناوی «چهار فصل» دا کۆ کردبوونەوە.

_ مامۆستا ئیسلامناس و شارەزای فیقهی و حەدیس بوو. ئەو لەو کەسانە نەبوو کە لەبەر بێکاری یان بۆ خۆ بەخێوکردن ڕیگەی حوجرە و مزگەوتەکان هەڵدەبژێرن. «شارەزایی لە بابەتی فیقهی ئیسلامی، مەعاریفی دینی، مەبەستی وردی فەلسەفی لە بابەت خواناسی و زانست و دینەوە» ئەویان بە جێگەیەک گەیاندبوو کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە ناوچەیی و جیهانییەکاندا سەر وەرنێ و لە پێشبڕکێ گەورەکاندا گەورەیی خۆی بسەلمێنێ.لە ساڵی ١٣٤٥دا وەک قورئانخوێن لە پێشبڕکێی جیهانیی قورئان خوێندندا لە پاکستان بەشدار بووە و لە نێو قورئانخوێنانی ٢٢ وڵاتدا پلەی دووەمی بەدەست هێناوە. دەبێ بڵێم ئەگەر عەرەبە موسوڵمانەکان شانازیی بەوەوە بکەن کە کەسایەتییەکی وەک دوکتۆر «یوسف قەرزاوی»یان هەیە، بێگومان کوردانی موسوڵمانیش حەقیانە بە خۆیان بنازن کە کەسایەتیەکی وەک مامۆستا ڕەبیعییان لێ هەڵکەوتوە، چونکە لەڕاستیدا «باقیات صالحات»ی مامۆستا ڕەبیعی ئەگەر لە «دیدگاههای فقهی معاصر»ی دوکتۆر قەرزاوی بەهێزتر و بەپێزتر نەبێ، ئەوا شان لەو شانی ئەو دەدا و لەو کەمتر نییە.

لە ١٥ساڵەی شەهیدبوونی مامۆستا ڕەبیعی دا، وێڕای ڕێزگرتن لەو نەمرە، جێگەی خۆیەتی یادی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی قارەمان و نیشتمانپەروەری شارەکانی کرماشان و جوانڕۆ و شەهیدانی ئەو خۆپێشاندانەی ئەوان، خەڵکی کرماشان و جوانڕۆ کە بە یەکگرتوویی خۆیان، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ناوبراویان کردە مەیدانی بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و نیشاندانی ڕق و بێزاری لە ڕێژیمی هەلپەرست و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کە بەداخەوە چەندین کەسیش شەهید بوون. بکەینەوە یادی مامۆستا و هەموو شەهیدانی ئەم حەرەکەتە پیرۆزە بەخێر بێ.

# راستەقینەی دەوری خوێندکاران و بزووتنەوە رووناکبیرییە دەروون زانکۆییەکان

وریا رەحمانی

بەو پێیە کە زانکۆکان لە ناخی وجوودیی خۆیان دا ناوەندگەلێکی زانستی و رووناکبیریی چالاکن، خوێندکارانیش وەک توێژێکی گرینگ و کاریگەری فەرهەنگی و رووناکبیریی نێو کۆمەڵگەکان بە حیساب دێن و هەر واشە. زانکۆ بەستێنی درەوشانەوەو گەشەی رەوتی ئەندێشە جیاوازەکان و هێزی وەگەڕخەری توانایی و بردنەسەری ئاستی زانستی و رۆشنبیریی تاک و کۆمەڵ لە پێناوی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دایە. هەرچەند کە ئەوە بەو مانایە نیە کەسێک بچێتە نێو زانکۆ و هەلی خوێندن و پێشکەوتنی ئاکادێمیکی باڵای بۆ برەخسێ، حەتمەن لە خانەی رووناکبیری دا جێ دەگرێ. بەڵام ناشکرێ بە هیچ شێوەیەک نکۆڵی لە دەورو کاریگەریی ئەو ناوەندەش لە پێگەیاندن و پێشکەوتوویی تاک و رەوتە رووەو پێشەکانی لە نێو کۆمەڵگە دا بکرێ. لە راستیدا ئەگەرچی زانکۆ بە تەنیا شەرتی کافی نیە بەڵام بە ئەرخەیانییەوە لە شەرتە هەرە گرینگ و کاریگەرەکانی پێویستی ئەم بەستێنەیە.

کاتێک ئاورێ لە مێژووی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نیو سەدەی رابردووی ئێران و کوردستان دەدەینەوە بە روونی سەلماوەیی ئەم راستییەمان هەرچی زیاتر بۆ دەردەکەوێ و شوێن پەنجەی دەورو کاریگەریی چالاکییە خوێندکاری و رووناکبیرییە دەروون زانکۆییەکان زیاتر هەست پێ دەکەین. خوێندکار بە گوێرەی فەلسەفە وجوودییەکەی خۆی هێزێکی رەخنەگر و گۆڕانخوازی بەردەوامی کۆمەڵگەیە. زانکۆ شوێنی بەرهەمهێنان و شرۆڤە و لێکدانەوەو ئاراستە بەخشینی هزر و رووناکبیریی کۆمەڵگەیە. هیچ گومانێک لەوە دانیە کە دەرچووانی زانکۆ بە پێی پسپۆڕی و دارا بوونی زانستە جۆراوجۆرەکان بەڕێوەبەرانی سەرەکی و بەرحەقی داهاتووی هەر کۆمەڵگەیەکن. بەڵام کاتێک کە وەک چەمکێکی سینفی و مەجالێکی کردایی تایبەت سەیری خوێندکار و فەزای زانکۆکان دەکرێ، ئەرک و بەرپرسایەتیی جیاواز و تایبەتی کردەوەییش بە خۆیەوە دەگرێ. بە داخەوە هەندێک جار ئاراستەی کاریگەری و قازانجی شوێنێکی وەک زانکۆ لەبەر هەندێک هۆکاری تایبەتەوە لە راستای بەرژەوەندی و ئامانجە پیرۆز و سەرەکییەکانی گشتیی کۆمەڵگەدا نییە. ئەوەش خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرکە نادروستەی هەم خوێندکار وەک خۆی و هەم ئاراستەبەخشانی بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە دەرەوەی فەزای زانکۆکانەوە لە پێگە و توانایی خوێندکار و زانکۆ هەیانە و دەیانەوێ بینوێنن. رێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە درێژایی تەمەنی خۆی وەک هێزێکی دوگماتیست و دواکەوتوو لە هەر چەشنە جیهانبینی و ئیرادەیەکی نوێ و سەردەمیانە دوورەپەرێز بووە و ترسێکی قووڵی لە هزر و رووناکبیریی ئەکتیڤی توێژەکانی نێو کۆمەڵگە هەیە، هەردەم ویستوویەتی لە هەر رێگایەکی مومکینەوە پێش بە هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی رووناکبیرانە بە تایبەت خوێندکاری بگرێ و بەربەستی لە بەردەم دا درووست بکا. لەو هەوڵ و تێکۆشانانەی کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ خوێندکارانی کورد دا دەستی پێکردوە و گرتوویەتە پێش سەلماندن و برەوپێدانی ئەم تێگەیشتنە چەوتەیە کە رووناکبیران بەتایبەت خوێندکاران نابێ خۆیان لە قەرەی گرفت و هاوکێشە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگە بدەن. کۆماری ئیسلامی بە نیازە رووناکبیریی کۆمەڵگە و رەوتی خوێندکاری بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە ئاراستەی رەوتی رووناکبیری و رەوتی سیاسی لەگەڵ یەکدا نایەتەوە و تەنانەت ناتەباشە. لە حاڵێکدا ئەوە زۆر گرینگە کە رووناکبیر و خوێندکارانی کۆمەڵگەی کوردی هەست بەو ئەرک و بەرپرسایەتییە مێژووییەی خۆیان بکەن و هەرگیز قافیەی خەبات و پێگەی کاریگەری خۆیان بە بەتاڵی نەهێڵنەوە.




پێویستە رووناکبیر.خوێندکارانی کورد دەرکی ئەو حەقیقەتە بکەن کە ئێستا لە هەستیارترین و کاریگەرترین قۆناغەکانی ژیانی خۆیان دا بەسەر دەبەن و بە دڵنیاییەوە دەورو کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگریان لە درێژەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی وڵاتی کوردەواری دا هەیە. ئەگەر سەیرێکی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتی لە ئاستی جیهانی دا بکەن بە روونی دەورو کاریگەریی زانکۆ و بزووتنەوە رووناکبیری - خوێندکارییەکانمان لە رەوتی بەرەو پێش و گۆڕانکاریی کۆمەڵگە و وڵاتە جۆراوجۆرەکان دا بۆ دەردەکەوێ. بەڵام زۆر گرینگە کە رووناکبیران و خوێندکاران دەورو پێگەی راستەقینەی خۆیان بە باشی بناسن و بە خوێندنەوەیەکی دروست و گونجاو چوارچێوەدارێژیی ئەرک و چالاکییەکانیان بکەن.

بزووتنەوەی دەیان ساڵەی رزگاریخوازی و ئازادیخوازانەی کورد و رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەیدا کە کەڵکێکی زۆر و باشی لە بژاردە و هەڵکەوتووەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەت خوێندکاران و تێکۆشەرانی فەزا رووناکبیرییەکان وەرگرتوە، بەڵام دیسانیش لە درێژەی رێبازە پیرۆزەکەیدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری بەم توێژە گرینگ و بەرهەستە دەبێتەوە. لەم پێوەندییەشدا زۆر گرینگە کە تەعامول و هاوپێوەندیی نێوان ئەحزاب ( وەک پێشەنگ و نوێنەرانی بزووتنەوەی سیاسی) و رووناکبیران و خوێندکاران ( وەک نوێنەرانی فەزای رووناکبیری) پێوەندییەکی ئەکتیڤ و لێک تێگەییو و هاوتەریب و تەواوکەرانە بێ.

بە داخەوە جاری وایە دەبینرێ کە ئەم دوو لایەنە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی خۆیان لەم بەستێنی هاوپێوەندییەدا لەگەڵ یەکتر لێ تێکدەچێ و تێکەڵ دەبێ. بەتایبەت بە هۆی ئەوەی کە هەر لە جێدا تێگەیشتن و بلووغی سیاسی لە نێو کۆمەڵگە و وڵاتانی جیهانی سێهەم دا و یەک لەوان کوردستانیش لاوازە. بە داخەوە خوێندکار و رووناکبیرانی کۆمەڵگەی کوردی دەرکێکی دروستیان لە زەرفییەت و کاریگەرییەکانی خۆیان نییە و پێیان وایە دەبێ هەر هەوڵ و تێکۆشانێکی چاکسازانە و سیاسیی بەرەو پێش لە رێی ئەحزاب یا کاناڵە هاوشێوەکانی ئەحزابەوە بەرەو پێش بچێ و بکرێ. ئینجا خۆیان لە سیاسەت نادەن یا ئەگەر دەیکەن پێیان وایە دەبێ رێک بێن و دەوری ئەحزاب و رێبەرانی سیاسی بگێڕن.

لە حاڵێکدا کە ئەرکی سەرەکیی رووناکبیران و خوێندکاران رۆشنگەری و لێکدانەوەی زانستیانە و بەرهەمهێنانی ئەندێشە و خستنە رووی ئاراستەی نوێی سیاسییە، نەک بڕیاردان و سیاسەتی کرداری. هەروەها زۆربەی کات ئەحزابیش لە رووبەڕوو بوونەوەیەکی نابەرپرسیارانە لەگەڵ ناوەند و رێکخراوە خوێندکاری و رووناکبیرییەکان دا، لە هەوڵی بە ئەندام دەرهێنانی چالاکانی رووناکبیری و خوێندکاری و پراکتیزە کردنی سیاسەتەکانی خۆیان لە نێویاندا و بە دەستەوە گرتنی رکێفی بزووتنەوە خوێندکاری و ناوەندە رۆشنبیرییەکان دان و سەربەخۆیی کردەوەیی و رەهەندی سینفیی ناوەندە خوێندکارییە رۆشنبیرییەکان و ئازادی و نادەروەستەیی خوێندکاران دەخەنە مەترسییەوە. هیوادارم ئەم دوو لایەنە گرینگەی کۆمەڵگە بە دەرک و تێگەیشتنێکی دروست و شایستەتر لە خۆیان و یەکتر بگەن و بە هاوکاریکردنی هەرچی زیاتر و لەبەرچاوگرتنی پێگەو رێزی راستەقینەی یەکتر کورەی خەباتی کوردستان و کورد بەرەو رزگاری و ئازادیی هەرمانی گەرمتر بکەن.

# ستراتێژی گۆڕان، ڕیفۆرم لە سەرەوە

رەحمان سەلیمی

لەگەڵ دەسپێکی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە شارە گەورەکانی مەراکیش بە ئیلهام وەرگرتن لە شۆڕشی توونێس و میسر، چاودێرانی سیاسی لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە شۆڕشێکی دیکەش لە باکووری ئەفریقا بەڕێوەیە کە دەسەڵاتی پاشایەتیی مەراکیشی کردۆتە ئامانج. دەستەبەر کردنی ئازادییە بنەڕەتییەکان، باشتر کردنی بژێوی ژیانی خەڵک، بنبڕکردنی گەندەڵیی دارایی و ئیداری و سەرەنجام رووخانی رێژیمی پاشایەتی، داواکاریی سەرەکیی خۆپیشاندەرانی مەراکیش بوو. سەرەنجام پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ لە رژانی جەماوەری ناڕازی بۆ سەر شەقامەکان، شای مەراکیش رایگەیاند کە هاواری شۆڕشی گەلی بیستوە و لەو پێناوەشدا کۆمەڵە ریفۆرمێکی لە ستراکتۆری سیاسیی وڵاتدا گەڵاڵە کرد و بەم شێوەیە توانی جەماوەری ناڕازیی لە کازابلانکا و ڕیبات و شارە گەورەکانی دیکەی ئەو وڵاتە رازی بکا تا بە مەبەستی پراکتیزە کردنی گەڵاڵە ریفۆرمیستییەکەی دەرفەتی بدەنێ.

شا محەممەدی شەشەم لە لێدوانێکی تلەویزیۆنی دا بەڵێنی بە هاووڵاتیان دا کە ئازادییە بنەڕەتییەکان دابین دەکا، هەڵبژاردنی پێش وەخت بەڕێوە دەبا، سەرۆکی حکوومەت لە نێو رێبەرانی حیزبی براوەی هەڵبژارنەکان دیاری دەکا و بەشێک لە دەسەڵاتی پاشا کەم دەکاتەوە و دەیداتە حکوومەت و پارلەمان.

گەڵاڵەی ریفۆرمیستی پێشنیاریی شا لە رۆژی یەکەمی جولای ٢٠١١ خرایە بەر دەنگدانی گشتی و لەگەڵ پێشوازیی زۆرینەی هاووڵاتیان بەرەوڕوو بوو. بە پێی ئامارەکان ٩٨٪ی بەشدارانی ریفراندۆمەکە دەنگی ئەرێیان بە گەڵاڵەکەی شا دا و بەو شێوەیە دەسەڵاتی پاشایەتی رەواییەتی بۆ بردنە پێشی ریفۆرم و جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی پاشا وەدەست هێنا.

هەڵبژاردنی پارلەمانیی مەراکیش رۆژی هەینی ٢٥ی نوامبر بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠ حیزب و رێکخراوی سیاسی بەڕێوەچوو کە تێیدا زیاتر لە ٤٥٪ی خەڵک بەشدارییان کرد بە بێ ئەوەی گومانێکی جیدی بخرێتە سەر پاک و بێگەردبوونی رەوتی هەڵبژاردنەکە. ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەری خست کە حیزبی «داد و گەشەپێدان» کە حیزبێکی ئیسلامگەرای میانەڕەوە، زۆرترین دەنگی بەدەست هێناوە، هەر چەند زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمانی بۆ پێکهێنانی حکوومەت نەبردۆتەوە و ناچارە بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی براوەی هەڵبژاردن کە بەشێکیان سێکۆلارن، هاوپەیمانی پێک بێنێ.

حیزبی داد و گەشەپێدان رایگەیاندوە کە لە پەنای حیزبی «نهضت» لە توونێس کە لە هەڵبژاردن دا زیاترین دەنگی وەدەست هێناوە و هەروەها لەگەڵ حیزبی داد و گەشەپێدانی تورکیە، سوورن لە سەر ئەوەی ئیسلام و دیمۆکراسی بەیەکەوە گرێ بدەن و سیستمێکی سیاسی بنیات بنێن.

**گۆڕان لە سەرەوە:**

هەر چەند دژبەرانی بەرنامەی ریفۆرمیستیی شای مەراکیش پێیان وایە کە تەنیا بە رووخانی رێژیمی ٣٥٠ ساڵەی پاشایەتی دەتوانن



گەرەنتیی دەستەبەر کردنی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان بکەن و پاشا بەو ریفۆرمانە هەوڵ دەدا تووڕەیی خەڵک لە پێناو درێژەدان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری هێور بکاتەوە و خۆی لە شۆڕشێکی جەماوەری دەرباز بکا و سەرەڕای دانی دەسەڵاتی زیاتر بە حکوومەت و پارلەمان، هێشتاش شا خاوەن دەسەڵاتێکی بەرفراوانە کە هەردەم دەتوانێ لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا بە کاری بێنێ و هەژمۆنیی خۆی بە سەر ناوەندەکانی دەسەڵاتدا بپارێزێ. دژبەرانی بەرنامە ریفۆرمیستیەکەی شا لە سەر ئەو بڕوایەن کە تێپەڕبوونی کۆمەڵگە بەرەو دیمۆکراسی و دابین کردنی ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان تەنیا لە نەمانی سیستمی پاشایەتی دا بەدی دێن.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش، هەوڵەکانی پاشا بۆ پێکهێنانی «ریفۆرم لە سەرەوە» کە لە ژێر فشاری هاتنە سەر شەقامی خەڵکی ناڕازی بە سەری دا سەپا، وێنەیەکی جیاوازی لە گۆڕانکاری لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبی دا هێناوەتە ئاراوە و ئەزموونێکی نوێیە بەرەو لاواز کردنی بنەماکانی دیکتاتۆری و برەودان بە فەرهەنگی گۆڕان لە سەرەوە. ئەو ئەزموونە ئەگەر بە وریایی و لە ژێر چاوەدێری و فشاری بەردەوامی جەماوەری و لە ئاکامدا پشتیوانیی دەسەڵات مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، دەتوانێ بە دانی نرخی زۆر کەمتر لە شۆڕشەکانی ناوچە، گۆڕانی جێگرتووتری لێ بکەوێتەوە و ببێتە مۆدێلێکی سەرکەوتوو لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو. نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتداری مەراکیش ئیدعا دەکەن کە بە رەچاو کردنی رێکاری ئاشتیخوازانە، خۆیان لە ئاڵۆزی و پشێوییە ناڕوونەکانی شۆڕشێکی جەماوەری رزگار کردوە و لە نێوان شۆڕش و «انفعال»دا رێگەی سێهەمیان هەڵبژاردوە، کە لە لایەک داخوازییەکانی خەڵک دەستەبەر دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە پێش لەوە دەگرێ کە یەکیەتیی نەتەوەیی و جێگیریی سیاسی بکەوێتە مەترسییەوە و وڵات بەرەو داهاتوویەکی ناڕوون بەرێ.

شۆڕش سروشتێکی توندوتیژی هەیە و بەرهەمهێنەری توندوتیژییە. شۆڕشەکان بە لەنێوبردنی ژێرخانە سیاسی،

ل ٩

# وێناکردنی «پێشمەرگە» لە هەیبەتی «پیاو»دا،!!

کوێستان فتووحی

پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە خەباتکار و شۆڕشگێرەیە کە لەپێناوی رزگاریی نیشتمان و نەتەوەکەیدا ئامادەیە رێگای سەخت و دژواری خەبات ببڕێ و تەنانەت خۆی بکاتە قوربانی. بە هەزاران کچ و کوڕ و ژن و پیاوی کورد، بوونەتە پێشمەرگە، فیداکارییان کردوە و نرخی گەورەیان لەپێناوی ئامانجەکانیاندا داوە. بەڵام ئێستاش هەرکە ناوی پێشمەرگە دێ، زۆر کەس سیما و قەڵافەتی ئەو شۆڕشگێڕە لە هەیبەتی پیاوێک بە چەک و رەخت و جامانەدا وێنا دەکەن. چاو لە مێژووی نووسراو و ئەدەبیاتی زۆر لە حیزبەکانی کوردستان دەکەی، یا کاتێک گوێ بۆ رادیۆ و تەلەڤیزیۆنیان دەگری پڕن لە دەستەواژەی وەک « کوڕە ئازاکانی گەل»! «کوڕانی مەیدانی نەبەردی و خۆڕاگری»! «رۆڵە جوامێرەکانی...» و بەم جۆرە تەعبیر لە پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەن. هەر وا بزانە لە نێو ئەم نەتەوەیە و لە ریزی خەباتی چەکدارانەدا تەنیا کوڕان و پیاوان فیداکارییان نواندوە و ئەوان ئەم خەباتە سەختەیان بە بێ بەشداریی کچان و ژنان بەڕێوە بردوە.

ئەم ئەدەبیاتە کە لە کولتوور و روانگەیەکی پیاوسالارەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوندە دووبارە بۆتەوە کە لە بیر و زەینی تاکەکانی کۆمەڵگەشدا چەسپاوە کە پێشمەرگە پیاوە و پیاو پێشمەرگەیە! ئەگەر چاو لە مێژووی سێ دەیە خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین، بە ئاشکرا دەبینین تێکۆشانی ژنان لەو خەباتەدا تا رادەیەک شاردراوەتەوە، یان هەر دەڵێی لەو خەباتەدا حوزووریان نەبووە. ئەمە لە ئەدەبیات و مێژووی بەشێک لە حیزبەکاندا بە روونی دیار و بەرچاوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژنان رۆڵ و نەخشی گرنگیان لە خەباتی نەتەوەیی و پێشمەرگایەتی دا گێڕاوە، فیداکارییان کردوە و تەنانەت گیانیشیان بەخشیوە.





**سەرسوڕهێنەر ئەوەیە ئەم جۆرە روانین و بیرکردنەوانە، یا خڵتەی ئەم جۆرە عەقڵیەتەی نێو کۆمەڵگە، لە ئەدەبیاتی حیزبەکاندا، و لە بریار و هەڵسوکەوتی ئەوان لە گەڵ کچان و ژنانی پێشمەرگەدا، خۆی دەردەخاتەوە. ئەویش ئەو حیزبانەی کە بۆ خۆیان پێشڕەو و خەباتکاری ڕێگەی دادپەروەری و نەهێشتنی ستەم و نابەرابەرین!**

راستە کە ژنان بە هۆی کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە، لە ریزی هێزی پێشمەرگەدا لە چاو پیاوان رێژەیان زۆر کەمتر بووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە ئاوا بە ئاشکرا تێکۆشانی ئەو رێژە کەمەش لە ژنان لە مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتیدا بشاردرێتەوە.

هەرکەسێک گومانی لەم ئیددیعایە هەیە، دەتوانێ چاوێک لە ئارشیوی هەواڵەکان، راگەیەندراوەکان، وتارەکان، پەیامەکان، نامیلکەکان ، دروشم وپۆستێرە تەبلیغاتییەکانی پێوەندیدار بە خەباتی چەکداریی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکا تا بۆی دەرکەوێ کە ئەم قسەیە راستە یان ناراست.

زۆر بوون ئەو ژن و کچانەی ئازایانە و بە هەست و گیانی بەرەنگاربوونەوە روویان دەکردە بنکەکانی پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی ئەم عەقڵییەتە کە ژن لە باری جەستەییەوە توانای پیاوی نییە، وەک پێشمەرگەی هێز و پەلەکان سازمان نەدەدران، بەڵکوو بە ناوی دڵسۆزی و لەپەنا ئەوەشدا نەتوانین! لە هێندێک ئۆرگان و بنکەی سابیت دا دەهێڵرانەوە . هەربۆیە لەجیاتی پاراستنی ئەو کەسایەتییە ئازا و بەهێزەیان، بەشێکیان رووحی سەرکێشی‌و شوورو شەوقی خەباتی پێشمەرگایەتییان تێدا دەمرد و دووبارە دەچوونەوە ژێر باری کولتوور و کۆمەڵێک یاسا و رێسا کە لێی یاخی ببوون. تەنانەت هان دراون بخزێنەوە ماڵو واز لە چالاکیی پێشمەرگایەتی بێنن.

حیزبە کوردییەکان بە گشتی بناغەیەکی پیاوسالارییان هەبووە و کەلتووریکی پیاوسالاریان بە سەر دا زاڵ بووە. خۆ ئەگەر بڵێین هەتا ئێستاش، زۆربەی ئەو حیزبانە هەر وەک خۆیان ماونەوە و لە ژێر کاریگەریی ئەو کەلتوورە پیاوسالارە دان، نابیتە بوختان. پێشمەرگە، بە کردەوە رەمزی ئازایەتی و بوێری و گیانبەخشین بووە ، لەنێو کەلتووری پیاوسالاریشدا ژن زەعیفەیە و ناتوانی رەمز یا نمادی کەسێکی ئازا و بەغیرەت بێ! هەر بۆیە ئەو ژنانەی بوونە پێشمەرگە بە هۆی زاڵبوونی ئەم روانینە نادروستە کە پیاو رەمزی ئازایەتی و خۆبەختکردنە لە ژێر سێبەری پیاوی پێشمەرگەدا شاردراونەوە. ژنانی پێشمەرگە بۆخۆشیان زۆر جار لە ئاست ئەو روانینەدا بێدەنگ بوون و تەنانەت هێندێکیان بۆخۆیان بەوە رازی بوون کە نەچنە نێو هێز و دەستە و پەلە رەزمییەکان و لە چوونەوە بۆ ناوچە و بەشداری لە عەمەلیاتەکاندا خۆیان بواردوە. یان ئەگەر لە نێو کچان و ژنانی پێشمەرگەدا، کەسانێکیش هەڵدەکەوتن بۆ ئەوەی لە نێو هێزەکانی پێشمەرگە و لە قووڵایی ناوچەکانی کوردستاندا، ئەرکی پێشمەرگانە بەڕێوە بەرن، دەبوو وەک پیاوێک خۆیان نیشان بدەن، هەڵسوکەوتی ژنانە لە خۆیاندا بمرێنن بۆ ئەوەی لەو مەیدانەدا وەربگیرێن و قەبووڵ بکرێن. هەر بۆیە ئەمڕۆ دەبینین ئەو مێژووە و ئەو ئەدەبیاتەی رابردوو پڕە لە کوڕانی ئازا! کوڕانی گەل، کوڕانی پێشمەرگە و کاکی پێشمەرگە!

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا مرۆڤی نێرینە، هەر لە منداڵییەوە بەردەوام بە گوێیدا دەخوێندرێ کە ئەو پیاوە، هەربۆیە دەبێ ئازا، نەترس، بەهێز وخۆڕاگر بی. ژنیش بە پێچەوانەوە پەیتا پەیتا پێی دەگوترێ «زەعیفە»و وەک مرۆڤێکی لاواز سەیری دەکرێ، لە ئاکامدا «پیاو» وەک رەمزی هێز و ئازایەتی و، «ژن» وەک رەمزی لاوازی و ترس لە عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵدا دەچەسپێ، بەڵام سەرسوڕهێنەر ئەوەیە ئەم جۆرە روانین و بیرکردنەوانە، یا خڵتەی ئەم جۆرە عەقڵیەتەی نیو کۆمەڵگە، لە ئەدەبیاتی حیزبەکاندا، و لە بریار و هەلسوکەوتی ئەوان لە گەڵ کچان و ژنانی پێشمەرگەدا، خۆی دەردەخاتەوە. ئەویش ئەو حیزبانەی کە بۆ خۆیان پێشڕەو و خەباتکاری ڕێگەی دادپەروەری و نەهێشتنی ستەم و نابەرابەرین! تەنانەت خودی ژنانی نێو ریزەکانی پێشمەرگەش جاروبار خۆیان تەسلیمی ئەم ئەدەبیاتە کردوە و لە دەربڕینی مەبەستەکانیان و لە ئاخافتنەکانیاندا بەو ئەدەبیاتە پیاوسالارە دواون. ملدان بۆ ئەم ئەدەبیاتەش جۆرێکە لە قبوولکردنی هەڵاواردن لە دژی ژنان و زوڵمێکە کە لە ژنانی پێشمەرگە دەکرێ.

بە خۆشییەوە ئەمڕۆ ژنان و کچانی ئەوتۆ لە ریزی حیزبەکاندا هەن کە ئامادە نین مل بۆ ئەو ئەدەبیاتە پیاوسالارە بدەن و وەک مرۆڤێکی ئاگا، ئازاد و یەکسانیخواز هیچ هۆیەک نابینن کە کەسایەتیی خۆیان بە لاوازی ببینن یان بۆ ئەوەی وەک پێشمەرگە قبوول بکرێن ، پێویست بێ پیاوانە خۆ نیشان بدەن و پیاوانە هەڵسوکەوت بکەن! ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە کە تێڕوانینەکان بەرانبەر بە پێشمەرگە بگۆڕێن و چی دیکە «پێشمەرگە» ئەو رەمزەی خەبات و تێکۆشان، بە تەنیا لە هەیبەتی پیاو دا وێنا نەکرێ و پێشان نەدرێ.

..........

— — — — — — — — — — —

**درێژەی:**

# ستڕاتیژی گۆڕان، ڕیفۆرم لە سەرەوە

کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابوورییەکان و گرنگتر لە هەموویان نەبوونی بەرچاوڕوونیی شۆڕشگێران لە دۆزینەوەی ئالترناتیڤێکی گونجاو، سەقامگیریی وڵات لە هەموو بیاڤەکان دا دەخەنە مەترسییەوە. لە قۆناغی شۆڕش و تەنانەت ماوەیەک پاش شۆڕش، بۆشایی دەسەڵات و شێوانی نەزمی گشتی دێتە ئاراوە کە زۆر جار دەبێتە هۆی زەقبوونەوەی کەلێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەستێنی سەرهەڵدانی توندوتیژی دەخوڵقێنێ. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە میسر، لیبی و سووریە دەبینرێ، شاهیدی زیندووی ئەو راستیانەن و تەنانەت بە ئاوڕدانەوەیەک لە ئەزموونی شۆڕشەکانی رابردوو لە وڵاتانی جیهان دەتوانین هەمان وڵام وەرگرینەوە.

پرسیارێکی چارەنووسساز سەبارەت بە داهاتووی سیاسیی – کۆمەڵایەتیی مەڕاکیش پاش رووداوەکانی ئەو دواییانە لە ئارا دایە: ئایا ئازموونی مەڕاکیش واتە گۆڕان لە سەرەوە سەرکەوتووتر دەبێ یان ئەزموونی وڵاتانی شۆڕش لێدراو؟

هەرچەند وڵامدانەوە بەو پرسیارە زۆر دژوارەو رەوتی رووداوەکان لە داهاتوودا دیاریی دەکەن، لێرەدا تەنیا ئاماژە بە قسەکانی یەکێک لە ئەندامانی پایەبەرزی حیزبی «اصالت و تجدد» دەکەم کە حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی پارلەمان دا ٤٧ کورسی بەدەست هێناوە. ناوبراو دەڵێ: «جیهانی عەرەب لە مەسیری گۆڕانکاری دایە، ئێمە تا ئێستا ئاکام و پاشهاتەکانی ئەو رووداوانەی لە میسر، توونێس، یەمەن و سووریە روو دەدەن نازانین. بەڵام بە جیهانی رۆژئاوا دەسەلمێنین کە مەڕاکیش بە شۆڕشێکی ئارام دا تێدەپەڕێ و بە دێمۆکراسیی راستەقینە دەگا.»

**سەرکەوتنی ئیسلامگەراکان و ئیسلامی مۆدێلی ئەردوغانی**

تورکیەی کەمالیست کە لە سەر شەش بنەمای «ناسیۆنالیسم، سێکۆلاریسم، کۆمار خوازی، دەوڵەت گەرایی، خەڵک گەرایی، رِیفۆرمخوازی» دامەزراوە، بە درێژایی مێژووی خۆی هاوپەیمانی رۆژئاوا بووە و خوێندنەوەی کەمالیسم لە ئیسلام وەک دیاردەیەکی دواکەوتوانە و کۆنەپەرستانە، پێشی لە هەر چەشنە نزیکبوونەوەیەکی ئەو وڵاتە لە جیهانی عەرەبی – ئیسلامی گرتوە.

بە دوای سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان و بە تایبەت پاش تیۆریزە کردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە لایەن «ئەحمەد داود ئۆغڵو»، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە کە لە کتێبێک دا لە ژێر ناوی «قووڵایی ستراتیژیک»دا شی کردۆتەوە، تورکیە توانی پێگەیەکی گرینگ لە جیهانی عەرەبی دا بەدەست بێنێ و هاوکات لەگەڵ پاراستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ رۆژئاوا، دەرگایەکی گرینگ و پڕسوود بەرەو پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی بکاتەوە.

داود ئۆغڵو لە کتێبەکەی دا دەنووسێ: «لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیەدا هاوسەنگی ڕەچاو نەکراوە و جەخت کردنەوەی زیادە لە پێویست لە سەر پاراستنی پێوەندی لەگەڵ ئورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا و پشتگوێ خستنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلام، بۆتە هۆکاری لەدەستچوونی دەرفەتگەلی گەورە لە بەر دەم تورکیەدا.»

لە سەر بنەمای ئەو سیاسەتەیە کە تورکیە لە دەیەی رابردوودا بە رێبەرایەتی پارتی ئیسلامگەرای داد و گەشەپێدان توانیویەتی جیهانی ئیسلام بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرەو لای خۆی رابکێشێ. پێشوازیی کەم وێنەی خەڵکی میسر لە سەفەری ئەردوغان بۆ ئەو وڵاتە پاش سەرکەوتنی شۆڕش، کە وێنەی ئەردوغانیان بەرز کردەوە و بە پشتیوانی لە ناوبراو دروشمیان دەدا، هەروەها دووبارەبوونەوەی ئەو پێشوازییە لە توونێس، ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە ئیسلامگەرایانی ئەو وڵاتانە مۆدێلی حیزبی داد و گەشەپێدانی تورکیە وەک سەرچەشن چاو لێدەکەن. ئەو دەسکەوتانەی کە تورکیە لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ دا لە وڵاتانی ئیسلامی بە دەستی هێناوە، دەیان ساڵە وڵاتانی عەرەبستان و بە تایبەت ئێران هەوڵی بۆ دەدەن بەڵام نەیانتوانیوە تێیدا سەرکەوتوو بن.

وێدەچێ کاریگەرییەکانی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیە، باڵی توندڕەو و فەندەمێنتاڵیستی ئیخوانولموسلیمین و هەروەها سەلەفییەکانی بە تەواوی خستۆتە پەراوێزەوە.

توونێس، میسر، لیبی، یەمەن، مەڕاکیش، سووریە و ... لەو وڵاتانەن کە لە باری ژێرخانی فکری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا هەژارن و تا ئێستا دامەزراوە مەدەنییەکان و هەروەها بەستێنەکانی دێمۆکراسی تێیاندا بیچمی نەگرتوە و یان بە واتایەکی دیکە مەودایەکی زۆریان لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە. کەواتە دەتوانین بڵێین ستراتیژی گۆڕان بە مێتۆدی شۆڕش و یان بە دەربڕینێکی دیکە دیسکۆرسی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ رِیسکی گەورە بەرەوڕوویە. روودانی شۆڕش لەو وڵاتانە، ئەگەری سەرهەڵدانی دیکتاتۆڕی بە شێوازی نوێ دێنێتە ئاراوە و تەنانەت ئەگەر گۆڕانی دێمۆکڕاتیکیش روو بدا، قابیلی گەڕانەوە دەبێت.

ریفۆرمی پلە بە پلە بە پشتیوانیی ئێلیتی سیاسی و پاراستنی ژێرخانەکان و بەردەوام بوونی گوتاری ریفۆرمیستی و هەنگاونان بەرەو جێگیر کردنی دامەزراوە دێمۆکڕاتیکەکان دەتوانێ گرەنتیی گەشە و گۆورانی کۆمەڵایەتیی پایەدار لەو کۆمەڵگەیانە دا بکا.

وڵاتی مەڕاکیش بە حەشیمەتی زیاتر لە ۳۰ میلیۆن، پێکهاتەیەکی عەشیرەیی هەیە و بەشێک لە خەڵکی ئەو وڵاتە، وەک رێبەرێکی مەعنەوی و پیرۆز دەڕواننە شا. بە رووخانی رێژیمی سەڵتەنەتی لە شۆڕشێکی کتوپڕدا، بە کردەوە کۆمەڵگە تووشی دووبەرەکی دێ و لەوانەیە پشێوی و تەنانەت شەڕی نێوخۆیی درێژخایەن روو بدا.

# ئاغای گەنجی، « مەترسیی لێک هەڵوەشان» یان « بۆچوونی فاشیستی لەبارەی حکوومەتەوە»

ناسر ئیرانپوور ( ڕۆژنامە نووس)

بەشی یەکەم

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ب. بێژان

**سەرەتا:**

بە دوای پەرەگرتنی ئەو باسانەی پێوەندییان بە ئەگەری هەڵایسانی شەڕ لە نێوان حکوومەتی ئیسلامی لەلایەکو ڕۆژئـاواو ئیسراییل لە لایەکی دیکەوە هەیە، ئاغای دوکتور ئەکبەری گەنجی، ڕۆژنامەنووسو لێکۆڵەری وڵاتـەکـەمان، بابەتێکی بە ناوی « ڕوانینێکی دیکە، زیانو خەسارەتی ئەگەری هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران» نووسیوە و لەوێدا ئـامـاژەی بە بـەیـاننـامـەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی ڕووداوەکـانـی لیبیو داوای ئەو حیزبە لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ پێکهێنانی ناوچەیەکی پارێزراو بۆ کوردستان کـردوە. هـەروەهـا ئـاغـای گـەنجی لـە بـابـەتـەکـەیدا نیگەرانیی خۆی لەوە دەربڕیوە کە شەڕێکی ئەوتۆ « کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت»و بە هێزبوونی « بزووتنەوە جیاوازیخوازەکان»و « مەترسیی هەوڵوەشان»ی ئێرانی بە دواوە دەبێ. هەروەها ئیددیعای کردوە کە ئەو حیزبە « سەربەخۆیی کوردستان»ی هێناوەتە بەر باس. ئەم دێڕانەی خوارەوە ڕەتکردنەوەی تۆمـەتـەکانی نـاوبـراون. پێویستە بگوترێ دەستەواژەی « بۆچوونی فاشیستی لەبارەی حکوومەتەوە» لە ناوی کتێبێکی ناوبراوەوە وەرگیراوە بە نـاوی « بۆچوونی فاشیستی لە بارەی ئایینو حکوومەتەوە».

ئەمن هەمیشە بایەخێکی تایبەتیم بە دیالۆگ لەگەڵ هاونیشتیمانانی جیابیرم داوەو پێم وا بـووە وا جـوانـە لـە جیاتی ئـەوەی لـەسـەر یەکتر بدوێین، پێکەو بدوێین. ئەم شتە ئێستا بۆ من لە پێوەندی لەگەڵ ئاغای دوکتور ئەکبەری گەنجیدا بایەخێکی زیاتریشی هەیە، ئەویش لەبەر هۆگەلی ڕوون: ئەمن لە نێو بـژاردەگـەلـی بـواری فـەرهـەنگیو سیاسیی وڵاتـەکـەم دا، سـەرەڕای جیـاوازیی سیاسیو بیروباوەڕم لـەگـەڵ ئـەو، سـەبـارەت بـە ڕوو ڕاسـتـی، ڕۆشـنـگـەریو ئـازایـەتـیو خـۆراگـریـیـەکـانـی لـە بـەرامـبـەر دیـکـتـاتـۆریدا ڕێـزو حورمەتێکی تایبەتیم بۆ هەیەو هیوام وا بووە کە نموونەی وامـان زیاتر بووایە. لـە ڕوانـگـەی مـنـەوە ئـەقڵگەراییو مرۆڤـخـوازیو هـەقیقەتخوازی لە دیـارتـریـن لایـەنـە تایبەتییەکانی ئەون. ڕاست لەبەر ئەمەش ئەوەی لەو بابەتەدا لە بارەی کێشەکانی کوردستانەوە لێم خوێندەوە دەرکم نـەکـردو لێی تێنەگەیشتم. دیارە پێشەکی با بڵێم ئـەو ئیددیعاو هـەڵوێـسـتـە نـادروسـتـەی ئـەو دەگێڕمەوە بۆ زانیاریی کەمی ئەو لەبارەی نێوەڕۆکی واقعیی وی لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستانو پـاشـان بـۆچـوونـی کـۆنـی وی لە بارەی سیستمی حکوومەتەوە، نەک بۆ کینەو دوژمنایەتیی وی لەگەڵ خەڵکی کوردستانو دژایەتیی لەگەڵ مافەکانی.

هـەرچۆنێک بێ، بە خوێندنەوەی بابەتەکەی بە خۆم نەبوو کەوتمەوە بیری دوایین سەفەرم بۆ ئێران، ئەو کاتەی لە بەرامبەر زانکۆی تاراندا ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی ئەم خەڵکە کۆ ببوونەوە و بۆ ئازادکردنی وی کە مانیشی گرتبوو، کۆ ببوونەوەو کەوتبوونە بە هێرشو لێدانو کوتانی پۆلیسو بەسیجو حیزبوڵڵاو و ئەو کاتیش کە کوردستان سەبارەت بە کوژرانی دڵتەزێنی شوانەی سەید قـادری و کوشـتـارەکـانـی دواتـر تەقریبەن لە مانگرتنو خۆپێشاندانی سـەرانسـەری دابـوو. لەبیرمە کە ئـەو کاتیش بـە چـاوی خـۆم دیتم کە خەباتی دیموکراسیخوازانەی سەرانسەریو مافخوازانەی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لێک جیا ناکرێنەوەو ئـەم دووانـە دۆسـتو دوژمنی هاوبەشیان هەیە، لە تاران فرمێسکی شادیم هەڵوەراند کە ئەم حکوومەتە دەڕواو لە کوردستانیش هەر بەم جۆرە. چونکە پاش نزیکەی دوو دەیــەو نـیو جـارێـکـی دیکە دیتمان کە « کورد هـەروا سەری بـەرز کـردۆتـەوە»، سەربەرزانەتر لـە جـارانیش! تەنیا دڵمەندیی من لەو کاتەدا ئەوە بوو کە کوشتاری خەڵکی کوردستان لـەبـەر هێندێک هۆ دەنگدانەوەیەکی بەرین ـ وەک مانگرتن لە خواردنی ئاغای ئەکبەری گەنجی ـ ی نەبووو خەڵکی ئێرانو جیهان بـەو جـۆرەی کە شایانی خۆیەتی، ئاگای لە وەحشیگەرییەکانی ڕێـژیـم لـە کـوردسـتـانو داخـوازە واقعییەکانی خـەڵـکـی کـوردسـتـان نـەبـوو. بەهـەر حـاڵ، سـەرەڕای قسـەی خـزمو کـەس وکـار لـەبـەر مەترسییەکانی سەر ڕێگامان، زیاتر بە مەبەستی دەربڕینی هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی ئاغای گەنجی هەرچی ئی ئەوەو لە بازاڕی کتێبان دەستم کەوت کڕیمو هێنامە دەرەوەی وڵات. تەنانەت ئەوانەش کە پێشتر هەم- بوونو خوێندبوومنەوە. لە نێو ئەو کتێبانەدا بە تایبەتی خوێندنەوەی « بـۆچـوونـی فاشیستی لـەبـارەی ئایینو حکـوومـەتـەوە»م پێشنیار دەکـرد بـە دۆسـتـان، ئـەویش نەک تەنیا هەر سەبارەت بەوەی هەرچی لـەو کتێبەدا دیتبووم پێم دروست بـووو بـە کێشەی خـۆمـم دەزانـی، بەڵکوو زیاتر لەبەر ئەوەی بە تابۆ شکێنییەکی ئـاشـکـرام دەزانـی کە وەک پێشوو نەبوو لـە بن بـەڕەی تەعامول لەگەڵ ئایینو حکوومەتی دینی بکا. بـە خـۆم دەگـوت ئەگەر ئاغای گەنجی ئازاد بێو ئەم ڕەوتە تەکامولییە فکری و هەقیقەتخوازانەیە هــەر بــەو ڕوونـــیو لیبراوییەی پێشووەوە تـەواو بکا، درەنـگ یان زوو کـتـێـبی « بۆچوونی فاشیستی لەبارەی نەتەوەو حکوومەتەوە»یش دەنـووسـێ، هــەر ئــەو بۆچـوونـەی کە بۆتە سـەرچـاوەی سەرکوت لە کوردستاندا. لەم ساڵانەی دواییشدا زیاتر ئەوەی ئەو دەینووسی باش بـوونو بـەو شێوەیەم هاتبوونە بـەرچـاو، تاکوو، بەڵێ، تاکوو ئەم دواییانە بە تایبەتی بابەتی سەرەوە.

بە خوێندنەوەکەی بە خۆم گوت:

١ . ئەمجار ئاغای گەنجییەکەی خـۆمـانـە کـە ئـیـدی نـە وەک قوربانییەکی سانسۆرو بوختانی گـۆڤـاری «شـلـمـچـە»و دەزگـای ئیتیلاعاتی ڕێژیم، بەڵکوو زیاتر وەک لایەنگرو بەڕێوەبەری بۆچوونێک لە پێوەندی لەگەڵ چالاکانی کوردستاندا دەردەکەوێ،

٢ . ئەمجار ئەوە، کە دەبێ لەگەڵ ئەم تۆمەتە بەرەوڕوو بێ کە لەلایەک کێشەی ناسینی هەیەو لە لایەکی دیکەوە دەرکو ـ خۆی گوتەنی ـ « خوێندنەوەیەکی فاشیستیانە«و خۆم گوتەنی ئیستیعماریی لە حکوومەت هەیە،

٣ . سـەرەنـجـام ئـەمـجـار ئـەوە کـە دەبــێ بـە پشتبەستن بـەوەی گـوتـوویـەتـیو نـووسـیـویـەتـی، بۆ مـونـازەرە بانگهێشتن بکرێ، نەک ئاغای ڕەفسەنجانی ( کتێبی « کەوا سـوورو پایەبەرزانی بۆر پۆش» کە ئی خۆیەتی) جا مەگین ئەویش وەک ئاغای خاتەمی دیالۆگی تەنیا لەگەڵ ڕۆژئاوا بوێ، بەڵام لەنێوخۆدا





**ئەمە تەزویرێکی ساویلکانەو درۆیەکی ئاشکرایە. هەموو حیزبو ڕێکخراوە چالاکو مەترەحەکانی کوردستانی ئێران، بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیشەوە، بە شاهیدیی بەڵگەکانیان قەت خوازیاری جیایی لە ئێران نەبوونو نین. بۆیە هەر چەشنە ئیددیعایەکی غەیری ئەمە بە پێچەوانەی ئەخلاقو فەرهەنگی سیاسیی سالمو تەنانەت عورفی باوی ڕۆژنامەنووسیی غەیرە ئەرزشی ( ئیدئۆلۆژی ) یە**

مۆنۆلۆگ[ ورێنە لەپاڵ خۆدا ] بکەن!

لەم نووسینەدا نامەوێ خەریکی ئـەو تـێـزو سیستەمە فکرییانەی ئاغای گەنجی بم کە وەک خاوەن قەڵەمێک دەڵێ نزیکەی چوارسەد ساڵێک درەنـگ هـاتـووە. هـەروەهـا بـە دووروودرێــــژی نـامـەوێ ئـەو تۆمەتانە ڕەت بکەمەوە کە لەلایەن گـرووپو کەسانی جیاجیاوە بەر لـەوی هاتوونەتە گـۆڕێو لەلایەن ئـاغـای گەنجییەوە بە وەسـواسو وردبینییەکی سەیرەوە بەڵام بەبێ تێفکرینو سەرنجدان بەو وەڵامانەی پێیان دراوەتـەوە، دووپاتە بۆتەوە. وای دادەنـێـم ئـەویش دەستی بەو نووسینو وەڵامـانـە رادەگـا. لەگەڵ ئــەوەش دا نـاچـارم هێندێک لـەو شتانەی گوتراون بە ئەوو هەموو ئەو کەسانە بڵێم کە وەک ئەو بیر دەکەنەوە:

١ . « وڵاتـی کـوردسـتـان»؟!! ئاغای گەنجی وێڕای ئاماژە بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەڵێ « ئەم گرووپانـە»و «بـۆچـوون»انـە «بە ئاشکرا باسی وڵاتی کوردستانیان کـردوە کـە لـە کوردستانی ئێران، عـێـراق، سـووریـەو تورکیە پێک هـاتـوە». داوای لـێـبـووردنـی لێ دەکەم ناچارم بە ئاشکرا بڵێم ئەمە تەزویرێکی ساویلکانەو درۆیەکی ئاشکرایە. هەموو حیزبو ڕێکخراوە چالاکو مەترەحەکانی کوردستانی ئـێـران، بـە حـیـزبـی دیـمـۆکـراتـی کـوردسـتـانـیـشـەوە، بـە شاهیدیی بەڵگەکانیان قەت خوازیاری جیایی لە ئێران نـەبـوونو نین. بۆیە هەر چەشنە ئیددیعایەکی غەیری ئەمە بە پێچەوانەی ئەخلاقو فەرهەنگی سیاسیی سـالـمو تـەنـانـەت عورفی بـاوی ڕۆژنـامـەنـووسـیـی غـەیـرە ئەرزشی ( ئیدئۆلۆژی )یە. داخوا لە دنیای ئەمڕۆشدا دەکرێ بەبێ بەڵگەو سـەنـەد ئیددیعای وا بێتە گۆڕێ؟ کارێکی وا بە تایبەتی لە کەسانی وەک ئـاغـای گـەنجی کە بۆخـۆی سەردەمێک قوربانیی تۆمەتی لەم چـەشـنـەی « فـاشـیـسـتـەکـان»ی حکوومەتی بوو ناوەشێتەوە. ئاغای گەنجی ناکرێ لە بیری چووبێتەوە کە چۆن لەگەڵ تۆمەتی « لە دین وەرگەڕان» بەرەوڕوو بوو و بەڵام بەو حاڵە ئێستا بۆخۆی تێکۆشەرانی کوردستان بە « ئێرتیدادی وڵات» تۆمەتبار دەکـا! باشە لە کوێو بە کـام « سـەراحـەت»ەوە باسی کام « وڵاتـی کـوردسـتـان « کـراوە؟!! داخوا ئەوە دروستە کە ئێمەش هەر باسی ئەو تۆمەتانەو ئەو ئیددیعایانە بکەین کە لـەلایـەن ئۆپۆزیسیۆنو حکوومەتی ئێرانـەوە لـە پێوەندی لـەگـەڵ ئـەودا دێـنـە گـۆڕێ؟ داخـوا ئــەوە شـەرتـی ئـیـنـسـافو ئـەقڵو ئەمانەتدارییە؟! ئایا ئاغای گەنجی لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا لەوە نیگەران نەبووە کە ڕەنگە بکەوێتە بـەر لێپرسینەوە کـە لـەکـوێو لە بەڵگەی ئەو ڕێکخراوانە دا و یەک لەوان لە بەیاننامەی ناوبراودا باسی « وڵاتی کوردستان» کراوە؟! ئایا بۆ ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانو باڵی فکریی ئـەوان لە ئۆپۆزیسیۆندا بە ئەنجامدەری « تاوانی نەبەخشراوی « سـەربـەخـۆیـی کـوردسـتـان» تۆمەتبار نەکرێین، قەڵاقووپ بکەین ، لـەو کاتانەشدا ڕۆڵـەکـانی کورد لـەو دیـوی سنـوورەکـان قەڵتوبڕ بکرێن؟! ئەمن دیفاع لە بزووتنەوەی کوردستان نەک لە ئێراندا، بەڵکوو لـە تـورکـیـەو سـووریـەو عێراقیش جگە لەوەی بە ئەرکی خۆم دەزانم، بە ئەرکی ئاغای دوکتور گەنجیو دیموکراتەکانی دیکەی ئێرانیشی دەزانم. ئایا دەکرێ لە بەرامبەر ستەم لە خەڵکی دراوسـێ دا بێ تەفاوەت بین، بـەڵام لە دیفاع لە فلان خەڵک کە چەند هەزار کیلۆمیتر لە سنووری وڵاتـەکـەمـان دوورە ـ بە هـەق ـ ڕاگەیەنراوو بەیاننامەی دەربکەین؟ ڕەنـگـە بـە قـەولـی ئـاغـای گـەنجی «حاشا هەڵنەگر بێ» کە چەند کەس یان چەند هێزی بچووک هەبن کە هیوایان بە ئێران نەمابێو خوازیاری سـەربـەخـۆیـی بـن، بـەڵام ئـەوە چ پێوەندییەکی بە بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێرانەوە هەیە؟ بە هەر حاڵ سێ هێز لە کوردستان مەترحن، دیموکراتو کۆمـەڵـەو پـژاک. کـامـەیان شتێکی ئەوتۆی هێناوەتە بەر باس؟ داخوا لە نێو ئێرانیاندا هێزو بزووتنەوی فاشیستی شۆڤێنیستی کەمن؟ داخوا کـردەوەکـانـی ڕێـژیـمـی ئیسلامیی ئێران لە زۆر بارەوە فاشیستی نین؟ ئایا ئـەوە دروسـتـە بۆچوونی ئەو بـزووتـنـەوانـەو کـارو کردەوەکانی ڕێژیمی فاشیستیی حاکم نیسبەت بدەین بۆ وێنە بە بزووتنەوە سەوزی ئێران و ڕێبەرانی؟ بەڵام ئەوە ڕاست ئەو کارەیە کە ئاغای دوکتور گەنجی دەیکا. پێم خۆشە ئەو ئەگەر خراپ لە نووسینەکانی گەیشتووینو ئەو بۆچوونێکی وای لـەسـەر خەڵکی کوردستانو بزووتنەوەکەی نیە، لە وتارێک دا ڕوونی بکاتەوە.

٢ . ئازایەتیی بزووتنەوی کورد لە هێنانە گـۆڕی داخـوازەکـانـی دا. بەڵێ، کوردستان باسی سەربەخۆیی نەهێناوەتە گۆڕێ، هەرچەند لە هێنانە گـۆڕی ئەو داوایە قەت ترسی نەبووە، هـەروەک لە هێنانە گـۆڕی ئاسۆی سیاسیو داخوازە ئێرانیگەراییەکانی ( واتـە فیدرالیزمو کۆنەبوونەوەی دەســــەڵاتو دیـمـوکـراسـی بۆ وڵاتەکەمان ) ترسی نەبووە کە لە کـۆنـەوە بـۆ هێندێک کـەس نامۆو نەناسراو و لە ڕوانگەی ڕێبەرانیانەوە « ڕۆژئاوایی»و « تاغووتی « بووە. ئەگەر فـلان داخـوازی نەهێناوەتە گۆڕێ یان فلان داخوازی هێناوەتە گـۆڕ، ئەمە هەڵبژاردنێکی ئاگایانە لەسەر بنەمای دەرکی هەلومەرج و لێکدانەوەی ڕوونە کە کردوویەتی. حیزبە کـوردستانییەکان ڕەگـیان لـە نـێـو خـەڵـکـدا کـوتـاوەو لـەسـەر ئـەرزی واقیعن. ئـەوان نە گرووپی توندڕۆو ڕادیکاڵو زڕە ڕووناکبیرو ئارەزووخوازو خەیاڵاتیو دوور لە کۆمەڵانی خەڵکنو نە عەوامگەراو نە پۆپۆلیستی کە وەدوای عـەوام بـکـەونو کـەشوهـەواخـولـقـێـنـی هێزەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە دابن. ڕەنـگـە هـێـنـانـەوەی چـەند نموونە لە لایەنی نێوخۆییو دەرەکییەوە کە هـەمـوومـان شاهیدیان بووین بـەس بن بـۆ ئـەوەی ئـەم قسەیە بسەلمێنن: حیزبە کوردستانییەکان « ڕێـفـرانـدۆمـی بـەڵـێ یـان نـای کۆماری ئیسلامی»یان بە کارێکی نادیمۆکراتیک لە قەڵەمدا و هەر بۆیە تەحریمیان کرد. ئەوان گوتیان ڕوون نیە کە دەبێ دەنگ بە چ بدەنو بە چ نـەدەن. ئەوە کارێکی پێچەوانەی شـەپـۆلو کـەشـوهـەوای زاڵـی ئەو کاتە بوو، لەو سـەردەمـەدا کارێکی غەیرە پۆپۆلیستی بووو ئازایەتیی دەویست. ئەمڕۆ کێ دەتوانێ ڕێز لـەو ئـازایـەتـیو لێزانیە نـەگرێ؟ هێرش بۆسەر سەفارەتی ئەمریکا لە تـارانو داگیرکردنیو بە بارمتە گرتنی کارمەندەکانی کارێک بوو کە تەنانەت لەلایەن هێزە چەپەکانیشەوە پـشـتـیـوانـیـی لـێـکـرا. حیزبـە کوردستانییەکان بەڵام مەحکوومیان کرد. دەزانین کە ئەم داگیرکردنە وەحـشـیـانـەیـە چ زیـانـێـکـی زۆرو درێژماوەی لە قازانجەکانی خەڵکی ئێران دا. ئایا هەڵویستی حیزبە کوردستانییەکانو ( ژمارەیەکی کـەم لـە «لیبرالـەکـان» ) دروسـت بـوو یـان هـاودەنـگـیی تـەقریبـەن هەموو سیاسییەکانی ئێران؟ هەر لـەم دوایـیـانـەشدا ڕاست هـەر ئەو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەو ئـەو حیزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێرانە بـە ڕوونـی پشتیوانیان لە بزووتنەوەی سـەوزو و ڕێبەرانیو داخوازە دیمۆکراتیکەکانیان کردو خـوازیـاری بـەشـداریـی خـەڵکی کـوردسـتـان لـە پـرۆسـەی مـەدەنـی دا بـوون کـە بـوو بـە تـەزویـر لە هەڵبژاردنو سەرکوتەکانی دواتری. ئەمە نە تەنیا ڕاستوێژیو ئازایەتیی ئەوان دەسەلمێنێ، بەڵکوو هەروەها ئەوان لە ئێراندا هیچ دەرفەتێکیان بۆ بەشداری لە ڕەوتی ئاشتیخوازانە ـ تەنانەت ئەگەر نادیمۆکراتیک و نابەرابەریش بێ ـ لەدەست نەداوە. ئـەمـەش ـ بە سـەرنـجدان بـەوە کە ڕیـفـۆرمـخـوازان هـەرچـۆنـێـک بێ بەشێک بوون لە سیستمی سیاسیی حاکمو لەسەردەمی خودی ئاغای خاتەمییشدا دەرهـەق بـە خـەڵکی کوردستان ستـەمو جینایەت کـەم نـەبـوو و بـە سـەرنـجـدان بـەوەکـە حکوومـەت قـەت ئـامـرازێـکـی جگە لە مەنتیقی زۆرەملـیو توندوتیژی لـەبـەرامـبـەر داخـوازەکـانـی خـەڵکی کوردستـانـدا نـەبـووە — جۆرێک تـابـۆ شـکـێـنـیو کـارێـکـی دژەبـاو بووە. هـەروەها ئەوەکە کوردستان کـە ئـاغـای گـەنجی بێبەزەیـیـانـە بزووتنەوەکەی بە « جیاییخواز» نـاو بــردوە، سـەیـری دروشـــمو شێوەی خـەباتی بزووتنەوەکانی وەک ئیرلەندی باکوورو فەلەستینو باسکی ئیسپانیاو تیروولی باشووریی باکووری ئیتالیای نەکردوە، نەک لە ترسی تێکۆشەرانیان، بەڵکوو لە دەرکو تێگەیشتنی مەنتقیی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتوە. کەوابوو دەبینین تێکۆشەرانی کوردستان سـەرەڕای ئەوەی باوەڕیان وایە کە هێنانەگۆڕی داخوازێکی ئەوتۆ ئەو سەرکوتەی ئێستا هەیە زۆر توندتر دەکـا، و ئەو ستەمە «زۆرە»ی ئێستا زۆر زیاتر ناکا و جگە لـەوەش کێشەی کوردستانیش دەکـاتـە کێشەیەکی نـێـونـەتـەویـی هــەروەهــا ئـەگـەر سەرکوتێکی زیاتریش بکرێ، ئەم شتە بۆ ڕێژیم ئاکامی خراپتریشی دەبـێ، دروشـمـی « کـوردسـتـانـی سەربەخۆ»یان هەڵنەگرتوە.

# گەلاوێژ، بەستێنی درەوشانەوە و وێککەوتنی ئەندێشە جۆراوجۆرەکان

**وریا رەحمانی**

پازدەیەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی - رووناکبیریی گەلاوێژ لە ژێر درووشمی «نەوەی نوێ، چەمکی نوێی بەرهەم هێنا .. تێبگەین یا تێنەگەین؟!» لە رۆژانی ١ تا ٤ی سەرماوەز لە تالاری تەواری سلێمانی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. دیارە کە ئەم فێستیڤاڵە بەدەر لە بوارەکانی ئەدەبی و رووناکبیری لە چەندین رەهەندی دیکەشەوە گرینگی و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ.

لە راستیدا کاتێک کە بە وردی سەیری رەوتی بەردەوامی چەندین ساڵەی فێستیڤاڵەکە دەکەین بە روونی گەشە و بەرزبوونەوەی جاربەجاری ئاستی زانستی و کاریگەر بوونی فێستیڤاڵەکەمان هەرچی زیاتر بۆ دەردەکەوێ و ئەوەش لە جێی خۆیدا دیاردەیەکی سرووشتییە. کەچی ئەوەی گرینگی و پێگەی تایبەتی فێستیڤاڵەکەی ئەمساڵمان لە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو بۆ دەردەخا، لایەنی روانگە و کارکردی جیاوازی فێستیڤاڵی ئەمساڵ بوو کە دەکرێ لە چەندین رەهەندی جیاوازەوە باسی لێوە بکرێ.

وەک چۆنیش لە دروشمی تایبەتی فێستیڤاڵەکەی ئەمساڵەوە دەردەکەوێ، لە لایەنە سەرنج راکێشەکانی پانزدەیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ گرینگایەتیی باوەڕهێنان و متمانە و بوار رەخساندن بۆ بیری جیاواز و نەوەی نوێ بە تایبەت نووسەران، هونەرمەندان، رووناکبیران و بەرهەم هێنەرانی چەمک و ئەندێشەی سەردەمیانە و نوێ بوو، کە بە چەشنێکی حاشاهەڵنەگرانە باسی لە کراوەیی و گەشەی کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان دەکرد. تەنانەت ئەم بابەتە هەر لە ئاستی قسە و بانگەشەیەکی رووتی سیاسی دا نەمایەوە و پێکهاتەی بابەت و میوانە بەشداربووەکان و رووبکردی گشتیی فێستیڤاڵەکەش دەرخەری دروستیی ئەم ئیدیعایەن. لە راستیدا جۆراوجۆریی میوانان و بابەتە بەشداربووەکانی فێستیڤاڵی پانزدەی گەلاوێژ ( بە تایبەت ئەو وتار و بابەتانەی کە راستەوخۆیانە رەنگدانەوەی رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی رووداوەکان و فەزای پڕ لە ئالۆزیی جیهان و ناوچەکە و کوردستانیش لەم ماوەیەی رابردوو دا بوون) ئاسۆیەکی روونیان بە رووی کۆمەڵگەی کوردستان و مرۆڤی کورد بە تایبەت نووسەران و رووناکبیرانی ولات دا کردەوە.



پێگە و گرینگایەتیی روو لە گەشەی بەردەوامی کوردستان وەک باڵانسێکی خاوەن رێز و جێی سەرنج و رەوتی پەرەسەندنی ئازادی و دێموکراسی و دارمانی پەیتا پەیتای دیکتاتۆڕی و حکوومەتە سەرکوتکەرەکانی ناوچەکە، وێڕای ئیرادەی بەوەجی هەڵوێستی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستان، ناوەڕۆک و سیمایەکی گشتگیری کوردستانیانەتری، لە قەدەر باشووری تر بوونی تەنیاوە، بە فێستیڤاڵەکەی ئەمساڵ بەخشیبوو. بەشداریی بە دەیان میوانی شاعیر و نووسەر و رووناکبیری بیانیی وڵاتانێکی جیاوازی وەک: تورکیە، عێراق، سووریە، ئۆردۆن، میسر، لوبنان، لەهێستان، ئاڵمان، ئیسپانیا، بریتانیا، هولەند، سوئێد و .. بە بابەتەوە، پێگە و دەرەتانێکی بەرین و بەرفراوانی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا پێ بەخشیبوو. ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامان و لێوردبوونەوەی تایبەتە، رێ پێنەدانی دەسەڵات و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شاعیران و نووسەران و رووناکبیرانی کوردی رۆژهەڵات و تەنانەت غەیری کوردی ئێرانی بۆ بەشداری کردن لە فێستڤاڵی ئەمساڵ دا بوو. کە ئەوەش خۆی ترسی قووڵ و چەقبەستوویی و دوگماتیزمی بەرین و روو لە گەشەی رێژیمی ئێران بۆ هەر چەشنە کرانەوەو پێوەندییەکی ئەکتیڤی خاوەنانی ئەندێشە و رووناکبیرانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بە تایبەت لەم هەلومەرجەی ئێستادا هەرچی زیاتر دەگەیێنێ.

فێستیڤاڵی ئەدەبی - رووناکبیریی گەلاوێژ سەرەڕای هەموو ئەو کەم و کورتییانەی کە رەنگە هێشتا لە بواری ئاست و تەکنیک دا هەیبێ، بەڵام بە نموونە و ئەزموونێکی سەرکەوتووی کۆمەڵگە و هەڵوێستی کوردی دەژمێردرێ و ئاواتی درەوشانەوەی لە ئاستەکانی بەرینی جیهانی لە داهاتوویەکی نە چەندان دوور دا بەهێز دەنوێنێ.

---

## مەگری باران

من و ئەم سەخلەتە ڕێشە
لە دەستپێکەوە هەڤڕاین و
... واتاین بۆ یەک...

مەگری باران
ئێشکارەی من
بە تنۆک و
نە بەلێزمەو لافاوی تۆ
نابێتەوە بە کێڵگەی ژین و ئەوین و
چارەی من و ئەم زەردەپەرە
کۆتایین...
من ناگەمە شەوی ویساڵ
لە هیجرانی ئەم غوربەتەشدا نەماوێ
چاوەڕێی مانگی نەهات بم...
باسی دڵی زەریاییمت هەتا کەنگێ لە تەنیایی
دڵۆپێکەوە بەربڵاو...؟
ئەوی بوون و نەبوون بێ
بووم...
ئەوی چوون و نەچوون بێ
چووم...
ئێتر تەمەن مەودا نادا
دەنا بێهەدا ڕێبوارم...
ئێترچاوم...
ئەوچاوانەی وێنەیان دەدا بە دەست و بە
قەڵەمم...

بگری باران
بۆ من نە بۆ ژیان بگری

بۆ شەرمی بێشەرمی هەتاو
بۆ ئەو مانگەی بە کەڕراتم لە
ئەستێرکی ڕەنگینی شێعر هەڵکێشاو

تەڕم نەبوو...

تەخشان و پەخشانم ئەمشەو

بگری باران
بۆ من نە بۆ ژیان بگری...

گەر بۆ منت هەڵڕشتوە
ئەم ملوانکە هەلپچڕاوەی
پەیڤی تەڕی بادەی ئەهوورامەزداییت
منت کویربم
هۆنینەوەی پرچی شێعریش
داڵدەی تەنیایی من نادا...
بگری و نەگریت
ئێتر نابم...
ئەتۆش بە وەرزیکدا بڕۆ

" تەنیا"

---

## جەزیرەێ چارەنویسمان

جەزیرەێ چارەنویسمان
گیرودەێ کاروان وە جێماگمانە.
خوەر پرشنگدار ژیانمان
ئەسیر هەور سییەێ نائومێدی و
گرفتار لێڵایی دیین دێروەختمانە.
چەنان چەن ساڵە
لە بەین خەو و بێداریی
سڕ..سڕ بیمنە
جوور باڵ کەو،
لە ناو یەخبەنان چلەی زمسان.
ڕێ دەر ناکەیم و
چەوەڕێ قەریبەیم
تا لە ڕێبەنان سەرنوشتمان
ڕێ ڕزگاری نیشانمان بیەن.
من ئویشم
ناهەساوییە
ئی ڕێ دەرنەکردنە و
ئی بێ باوەڕییە وە حەق خوەمان،
من ئویشم
سیاچارەییە
ئی خەو خەفڵەتە و
نە ناسین ناسنامەێ وجوودمان.
بان، هەر چێ زویتر بان
وەرەو ڕێ ڕزگاری
زەمان جوور گڤەێ وا، گوزەر کەێ
نەسڵ..نەسڵ قوربانی بووت و
هەر هایمە ناو گەردەلویل سەرگەردانی.
بان، تا ڕێچارەێ تازە
بکەیمە توشەێ ڕێمان

لە سەر پای خوەمان قورس و قایم بووسییەم
جوور زاگروس و دالەهو،
تا ئێتر زەفەر وە پیمان نەوەن
گورگەل وە ناو مێ و نەیاران ڕەنگا و ڕەنگ.
تا ئێتر کەس نەتوانێ
بووتە کەێخوای دەمڕاس ڕێ ڕاس ئێمە.
تا کەێ!
وە ساز ناساز قەریبە هە لپەڕین و
سادەدڵیی بێ ئەنازە،
تا کەێ!
سەرلێشواگی
جوور پویش دەم وا
ئی لاو ئەو لا وە پیمان بکەێ؟
تا کەێ .. تا کەێ!؟
بان، با ڕێ چارەنویس بگوورێم
قافڵە و سەر قافڵە هەر لە خوەمان بوو،
تا دوارە نەقوومێ
گوزەشتەێ پڕ لە گوزەشت و خەیاڵخاویمان
تا لە کەفتن و هەڵسانمان
ژار بێگانە
ژانمان چەن قات نەکەێ و
ڕێ ڕزگاریمان وە جارێ کپەو نەود.
بان، هەر چێ زویتر بان
وەرەو ڕێ ڕزگاری
زەمان جوور گڤەێ وا، گوزەر کەێ
نەسڵ..نەسڵ قوربانی بووت و
هەر هایمە ناو گەردەلویل سەرگەردانی.

**کاوە خوسرەوی**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 572 6 dec 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC


بەر لە ماڵاوایی

## « شاخ یەکێکە و حیزبیش یەکێک»

**قادر وریا**

«من بۆ دەوای چاوئێشە چوبووم بۆ شاخی. کە چووم کاک دکتۆر قسەی دەکرد، دەیوت ئەگەر حیزبەکەمان سەرکەوێ منداڵ مل باریک نابن، زەرد و زەعیف نابن! ئەیوت ژن چاوئێشە ناگرێ! ئەیوت دەستە زبرەکان نەرم و سپی ئەبنەوە، وەک پەنیری تازەیان لێدێ! ئەیوت ئەگەر حیزبەکەمان سەرکەوێ ڕێگەی قەتار ئەم شاخانە وەک شووتی قاش قاش ئەکا! قسەکانی کاک دکتۆرم زۆۆۆۆۆۆۆۆر پێخۆشبوو! منیان ئەخستە بیری بەهەشت. چوار ساڵ لەگەڵیان بووم، نا سێ ساڵ بوو، جوان نازانم! یان پێنج ساڵ بوو یان چوار ساڵ بوو یان شەش ساڵ بوو. تفەنگیان پێنەدام. کاک دکتۆر وتی تۆ کورتەباڵای بڕنەو درێژە بۆتۆ نابێ. ئیدی بووم بە چاپیپەزی حیزب!!

خاتوون ژنی بۆ هێنام. منیش ژنەکەم خۆشنەدەویست و ژنەکەش منی خۆش نەدەویست. خاتوون لای خەڵک دەیوت لە بووکی شا باشترە، لای خۆم ئەیوت ئەی خوشکەکەت بۆت کوێر بێ!....

یەکەم حیزبی شاخ جامانە ڕەشەکان بوون. جامانە سوورەکان هاتن جامانە ڕەشەکان تووڕە بوون! جامانە سەوزەکان هاتن هەردوولا تووڕەبوون. ڕەنگەکانی دیکەش هاتن، لە ئێراق، لە ئێران، لە تورکیە. کەس بەخێرهاتنی کەسی نەئەکرد. جامانە ڕەشەکان وتیان شاخ یەکێکە و حیزبیش یەکێکە! جامانە سوورەکان وتیان ئەو یەکە ئێمەین، جامانە سەوزەکان وتیان ئەو یەکە ئێمەین، ڕەنگەکانی دیکەش وتیان ئەی ئێمە؟! ئێمە چین؟ من وتم قسەی هەموولایکتان من دەخاتەوە بیری قسەکانی کاک دکتۆر. جامانە ڕەشەکان وتیان ئەتۆ چایی تێکەی باشترە. منیش ئیدی هیچم نەوت!! یەکبین چاییم تێئەکرد. شەڕی حیزبەکان دەستی پێکرد......

ئەمەی سەرەوە بەشێکە لە دیالۆگی ناو کورتەفیلمی «کوێستانە سپییەکان» لە دەرهێنانی هونەرمەند «تەها کەریمی». «کوێستانە سپییەکان» ئاماژە دەکا بە شەڕی سێ وڵاتان لە کوردستاندا. بەشێک لە فیلمەکە گێڕانەوەی ئەو کارەساتانەیە کە حیزبەکان دژ بەیەک کردوویانە (شەڕی ناوخۆ...)»

***

هاوڕێی فەیسبووکیم ئیسماعیل ئیسماعیل زادە کە زەحمەتی دابەزاندنی ئەو وتانەی سەرەوەی کێشاوە، من و کۆمەڵێک لە دۆستانی خۆی، لە بوونی فیلمێک بەناوی «کوێستانە سپییەکان» لە یوتوب دا ئاگادار کردۆتەوە. بەش بە حاڵی خۆم سوپاسی دەکەم کە سەرنجی بۆ لای فیلمێکی ئاوا راکێشاوم.

«کوێستانە سپییەکان» باس لە راستییەکی تاڵ دەکا، راستییەک کە بە داخەوە جێگایەکی زۆری بۆخۆی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، داگیر کردەوە، ئەویش شەڕی خۆ بەخۆ(شەری نێوخۆیی) لە نێو کورد بە تایبەتی لە رەوتی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی چەند دەیەی رابردوو دایە.

ئەم فیلمە بە ژمارەیەکی کەمی ئەکتەر و بە کەرەستەی زۆر سادەوە، لە پرسێکی گەورە دواوە. گۆڕەپانی داستانەکە ناوچەیەکی لێرەوارو و شاخاویی نزیک سنوورە دەسکردەکانی کوردستانە. پاڵەوانی سەرەکیی فیلم «فەقێ برایم» ە کە بە خۆی و ئەسپەکەیەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی فیلم، لەبەر چاومان ون نابن. من کە تەنیا وەک بینەرێک نەک وەک رەخنەگر و فیلمناس و پسپۆرێک، ئاماژەیەکی کورت بەو فیلمە دەکەم، وا تێ دەگەم «فەقێ برایم» رۆڵی نەتەوەیەک دەبینێ و ئەسپەکەی رۆڵی مێژوو یا شۆڕشی کورد، واتە رەمز و نمادی ئەو دووانەن. «فەقێ برایم» هەناوی پڕە لە رەخنە و تووڕەیی لە حیزبەکان کە لە جیاتی وەڕاست گێڕانی خەونەکەی «دوکتور»، خەریکی یەکتر کوشتنن و ئەسپەکەشی، بەردەوام تەرمی قوربانییەکانی ئەو شەڕانە رادەگوێزێ. داستانێک کە لە دەروونی فەقێ برایم دایە، شتێک نیە جگەلە داستانی یەکتر کوشتنی رۆڵەکانی. ئەو رۆڵانەی کە ئەگەرچی هەرکامیان سەربە حیزبێکن،بەڵام «فەقێ برایم» بە رووماى خوێناوی و جەستەی بە گوللە دابێژراوی هەرکامیان، فەرهادە جوانەمەرگەکەی خۆی دێتەوە بیر.

ئەکتەرانی شەڕی خۆبەخۆ هەرکامیان کوشتەی خۆیان بە پیرۆز و هی لایەنی بەرامبەریان بە «گڵاو» و پیس دەزانن، بەڵام «فەقێ برایم» دڵی بۆهەر هەموویان دەسووتێ. لە دیالۆگەکانی فیلمەکە و لە هێندێک مۆنۆلۆگی «فەقێ برایم» دا زۆر وشە و دەستەواژە و رستە دەبیسین کە لەوپەڕی سادەیی دا، فرمێسک بە چاو دا و مچوڕک بە لەشمان دا دێنن. ئەو کاتەی کۆمەڵێک دایک و خوشک لەسەر گڵکۆیەک بەشەڕ دێن و هەرکامیان مردووەکە بە هی خۆیان دەزانن، ئەو کاتەی فەقی برایم دەڵێ بەبۆنەی ئەو شەڕەوە، میللەت هەر هەمووتان بە گڵاو دەزانن، ئەو کاتەی «فەقێ برایم» بە حەسرەتەوە ئاوڕ لە رابردوو دەداتەوەو هیچ هیوایەک بۆ وەڕاست گەڕانی یۆتۆپیای»دوکتور» نابینێ و هتد.

«فەقێ برایم» پیر و کەلەلا دەبێ و دەرەقەت نایە بەشی داپۆشینی ئەو هەمووە شەرگە و گڵکۆیانەی شەڕی نێوخۆ، وردەبەردی سپی بێنێ تا ئەو هەمووە پەڵە و عەیبانەی رۆڵەکانی بەوان داپۆشێ...

***

«کوێستانە سپییەکان» بایەخی ئەوەی نەک جارێک، چەندین جار، ببینین، بۆ ئەوەی لە روانگەی نەتەوە و نیشتمان و مێژووی خۆمانەوە، رەخنە و لۆمە سەبارەت بە شەڕی خۆبەخۆ ببیسین.

## سەرکەوتنی مامۆستایەکی کورد لە فستیڤاڵی زانستیی ئەلەکترۆنیکی لە ئێران دا



مامۆستایەکی قوتابخانەکانی شاری سنە توانیویەتی لە فێستیڤاڵی بەرهەمهێنانی نێوەرۆکیی ئەلەکترۆنیکی لە ئێران پلەی دووهەمی ئەو فستیڤاڵە زانستییە وەدەست بێنێ.

فەردین سەڵەواتی، مامۆستای دەبیرستانەکانی شاری سنە کە بە لێکۆڵینەوە و بابەتی پسپۆری لە پێنجەمین فستیڤاڵی بەرهەمهێنانی نێوەرۆکیی ئەلەکترۆنیکی لە ئێراندا بەشدار بوو، توانیویەتی پلەی دووهەمی ئەو فستیڤاڵە لە ئاستی ئێراندا وەدەست بێنێ.

بەپێی راپۆرتی ئێرنا قۆناغی سەرتاسەریی ئەو فستیڤاڵە رۆژی ١ ی سەرماوەز لە شاری تاران بەڕێوە چووە و لە نێوان بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ئەو فستیڤاڵەدا فەردین سەڵەواتی توانیویەتی پلەی دووهەمی ئەو پێشبڕکێ زانستییە لە ئاستی ئێراندا بباتەوە.

## سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆلێژی «سەما»ی سنە لە ئاستی ئێران لە بەشەکانی گرافیک و مێعماریدا

خوێندکارانی کۆلیژی سەمای سنە لە پێنجەمین فستیڤاڵی سەرتاسەریی مەهارەتی و لێکۆڵینەوەییدا توانیویانە پلەکانی یەکەم تا سێهەمی پێشبڕکێکانی گرافیک و مێعماری وەدەست بێنن.

خوێندکارانی کۆلیژی سەمای سنە کە وەک نوێنەرانی ناوچەی ١١ ی کۆلیژەکانی فەننی و حیرفەیی سەما لەو فستیڤاڵەدا بەشدار بوون، لە ئاکامی پێشبڕکێکاندا سێ خوێندکاری بەشی میعماری و سێ خوێندکاری بەشی گرافیکی کۆلیژی سەمای سنە توانییان بچنە قۆناغی سەرتاسەریی پێشبڕکێکان و پلەکانی یەکەم تا سێهەمی ئەو فستیڤاڵە پسپۆڕییە بێننەوە.



لەو پێشبڕکێ زانستییانەدا کاوە رەنجبەر، سەید عادڵ ئەحمەدی پلەی یەکەم و دووهەمی پێشبڕکێکانیان لە بەشی مێعماریدا وەدەست هێناوە و نەستەرەن موبارەکیش توانیویەتی پلەی سێهەمی پێشبرکێکان لە بەشی گڕافیک دا بەرێتەوە.

## کرماشان بوو بە قارەمانی پێشبڕکێیەکانی زۆرانی ئازاد و فەرەنگیی ئێران



تیمی زانکۆی ئازادی کرماشان توانی پلەی یەکەمی پێشبڕکێیەکانی زۆرانی ئازاد و فەرەنگیی ناوچەی ١١ی زانکۆی ئازاد لە ئێراندا بۆ خۆی دەستەبەر بکا.

ئەو پێشبڕکێیانە لە ٨ی سەرماوەز تا ١١ی سەرماوەز بە بەشداریی ٦٥ زۆرانبازی ئازاد لە چوارچێوەی ١٥ تیمدا و ٤٨ زۆرانبازی فەرەنگی لە چوارچێوەی ٧ تیمدا لەساڵۆنی تەربیەت بەدەنیی زانکۆی ئازادی کرماشان دا بەڕێوەچوو و زۆرانبازانی کرماشانی بە سەرکەوتن بە سەر زۆرانبازەکانی پارێزگەکانی سنە و ئیلام توانیان ببنە خاوەنی پلەی یەکەمی ئەو پێشبرکێیانە.

لە کۆتایی پێشبڕکێیەکانی زۆرانی ئازاد، تیمی کرماشان یەکەم و تیمەکانی سەحنە و کەنگاوەر بوونە دووهەم و سێهەم و لە پێشبڕکێیەکانی فەرەنگیی تیمەکانی کرماشان، سنە و شەهاباد پلەکانی یەکەم تا سێهەمی ئەو خولەیان بۆ خۆیان تەرخان کرد.

## کۆتایی چالاکییەکانی پازدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ



پازدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ رۆژی هەینی، ٤ی سەرماوەز بەدابەشکردنی خەڵاتی سەرکەوتووانی فێستیڤاڵ لە سێ بواری شیعر، چیرۆک و لێکۆڵینەوەدا کۆتایی هات.

لە ئاکامی ئەو فستیڤاڵەدا کە ماوەی ٤ رۆژی خایاند، چیرۆکنووس شالاو حەبیبە، خەڵاتی یەکەمی چیرۆکی وەرگرت و ئومێد حاجی عوسمان و توانا ئەمین خەڵآتەکانی دووهەم و سێهەمی ئەو فستیڤاڵەیان وەدەست هێنا.

لە بواری شیعریشدا خەڵاتی یەکەمی شیعر بەهاوبەشی بە بەشدار سامی و سوارە نەجمەدین درا و فاتمە فەرهادی و ئازاد بەهین شاعیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوبەشی پلەی دووهەمیان وەدەست هێنا و رێبین ئەحمەد خدر و پشتیوان عەلی خەڵاتەکانی سێهەمی شێعریان بردەوە.

لە بواری لێکۆڵینەوەشدا خەڵاتی یەکەم بە خاتوو گوڵاڵە کەمانگەر برا و سۆران ئەحمەد چۆمانیو موحسین عوسمان خەڵاتەکانی دووهەم و سێهەمی بواری لێکۆڵینەوەیان وەدەست هێنا.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی رێیان لە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە نووسەران و رووناکبیرانی کورد و غەیرە کوردی ئێرانی بۆ بەشداری لەم فستیڤاڵە گرتبوو.

## سەرکەوتنی کچان و ژنانی کاراتەکاری ئیلامی لە پێشبڕکێیەکانی نێو ئێراندا

کچان و ژنانی کاراتەکاری ئیلامی بە وەدەستهێنانی ٦ مێداڵ توانیان سەرکەوتنێکی بەرچاو لە پێشبڕکێیەکانی نێو ئێراندا دەستەبەر بکەن.

بە پێی راپۆرتی سەرچاوە ناوچەییەکان تیمی کاراتەی کچان و ژنانی ئیلام سەبکی «کیک بۆکسینگ» توانیویانە لە پێشبڕکێیەکانی قارەمانیی ئێران لە گیلان ٦ مێداڵ بە دەست بێنن.

ئەو پێشبڕکێیانە بە بەشداریی ٤٠٠ کەس لە ئاستەکانی تەمەنی مێرمنداڵان، لاوان و گەورەساڵان دا بەڕێوەچوو. ١٢ کەس لە کچان و ژنانی ئیلامی کە لەو خولەدا بەشدار بوون توانیویانە ٣ مێداڵی زێڕ، ٢ مێداڵی زیو و مێداڵێکی بۆڕۆنز بە دەست بێنن.

لەو پێشبڕکێیانەدا «سەعدیە رۆستەمی» لە ئاستی تەمەنی گەورەساڵان و «کیمیا ئۆلفەتی» و «کیمیا سۆرخ میری» هەر دوکیان لە ئاستی مێرمنداڵان دا توانیویانە مێداڵی زێر دەستەبەر بکەن و «فاتمە بانقلانی» و «زێنەب بەهادوری» لە ئاستی تەمەنی مێرمنداڵاندا مێداڵی زیو و «فاتمە شوجاعی» لە ئاستی تەمەنی گەورەساڵاندا مێداڵی بۆرۆنزی ئەو پێشبڕکێیانەیان بۆ خۆیان تەرخان کرد.



## دابەشکرانی خەڵاتی فیلمەکانی فستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن





رۆژی پێنجشەممە، ٤ ی سەرماوەز (٢٥ی نوامبر) و لە هەشتەمین رۆژی فستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەندا رێورەسمی بەخشینی خەڵاتی سەرکەوتووانی ئەو فستیڤاڵە بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای رێورەسمەکەدا وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان وێڕای دەستخۆشی لە بەرێوەبەرانی فستیڤاڵەکە و ئاماژە بە بارودۆخی ئێستای کورد رایگەیاند کە ئەمرۆ دەنگ و رەنگ و وێنە زۆر باش دەتوانن لە ناساندنی دەردو ژانی ئەنفال و کێشەکانی ئێمە بۆ خەڵکانی بیانی بدوێن کە پێویستە لەو بارەوە کاری زیاتر بکرێ.

لە رێورەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکاندا لە نێو ١٠١ فیلم ٣ فیلم لە رۆژهەڵات، باشوور و باکووری کوردستان خەڵاتی تایبەتیی لێژنەی داوەرانیان وەرگرت . ئەو سێ فیلمە بریتی بوون لە فیلمی هەنار



میوەی بەهەشتە، لە نووسین و دەرهێنانی تاهیر قادری و فیلمی پێنج بەرد لە درهێنانی کەنان تیکەش و؛ فیلمی وڵاتی پاڵەوانەکان لە دەرهێنانی شاهین عومەر خەلیفە.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا و لە لایەن لێژنەی داوەرانەوە خەڵاتی تایبەت بە دوو دەرهێنەر جەلال سەعیدپەنا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ فیلمی دەنگی باران و سەربەست رەزا لە باشووری کوردستان بۆ فیلمی مەنقەڵ پێشکیش کرا.